لێکسیکۆلۆجی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

پرۆفیسۆری یاریدەدەر
د. عەبدولواحید موشیر دزەیی

هەولێر
٢٠١١

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

بسم الله الرحمن الرحيم

لێکسیکۆلۆجی

نـــاوی کـتێب : لێکسیکۆلۆجی
نووســـینی: پ.ی.د.عەبدولواحید موشیر دزەیی
تـــایپ: سەهەند و ساناو عەبدولواحید
دیزاینی ناوەوە: پۆلا عەبدولواحید
بەرگ: لێزان عەبدولهادی
نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم ٢٠١١
تیراژ : ٥٠٠ دانە
شوێنی چاپ: چاپخانەی ماردین/ هەولێر
نرخ : ٣٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٨٣٧) ی ساڵی ٢٠١١ پێ دراوە

لێکسیکۆلۆجی

دانانی

پ.ی.د.عەبدولواحید موشیر دزەیی

بەشی کوردی/کۆلێژی زمان/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر

هەولێر ٢٠١١

پێشکەشە بە : تـــــــــــــۆ

چونکە هاندەرو پشتیوانم بوویت

ناوەرۆک:

بابەت	لاپەرە
پێشەکی	٩
بەشی یەکەم: لێکسیکۆلۆجی و بوارەکانی:	١٣- ٤٨
١- پێناسەی لێکسیکۆلۆجی	١٣
٢- لێکسیکۆلۆجی و هاوسێکانی :	١٤
أ- لێکسیکۆلۆجی و زاراوەسازی	١٥
ب- لێکسیکۆلۆجی و وشەسازی	١٥
ج- لێکسیکۆلۆجی و فەرهەنگسازی	١٦
٣- بەشەکانی لێکسیکۆلۆجی:	١٧
أ- ئیتمۆلۆجی (Etmology)	١٧
ب- واتاسازی (Semntics)	٣٢
ج- ئیدیەم (فرێزێۆلۆجی phraseology)	٤٥
بەشی دووەم: پەرەسەندنی فۆرم و واتای وشە :	٥٣ - ٧٦
١- ڕێگاکانی ڕۆنانی لێکسیک:	٥٣
أ- دارشتن	٥٣
ب- داتاشین	٥٨
ج- لێکدان	٥٨
د- ئاوەڵ واتا	٦١
هـ- زرەریژ	٦١
و- وەرگێڕان	٦٢
ز- وەرگرتن	٦٢
ح- کرتاندن و لێکدانەوە	٦٣

گ- نەكرۆنیم	٦٣
٢- پەرەسەندنی واتای لێكسیك:	٦٣
A- دەست	٦٤
B- دڵ	٧٠
C- چاو	٧٣
بەشی سێیەم: گۆڕانی واتای وشە	٧٩ - ١٠٠
١- سەرەتا	٧٩
٢- تیۆرەكانی گۆڕان	٨٠
أ- تیۆری سوككردنی ئەرك	٨٠
ب- تیۆری چینكاری	٨٠
ج- تیۆری مارتنت	٨١
د- تیۆری مێژوویی و كۆمەڵایەتی	٨١
هـ- تیۆری زمانی دایك	٨٢
٣- هۆیەكانی گۆڕانی واتا	٨٢
أ- بەمەبەست (دامێنان)	٨٢
ب- بێمەبەست	٨٤
٤- شێوەكانی گۆڕانی واتا	٩٣
أ- فراوانبوونی واتا	٩٣
ب- تەسكبوونەوەی واتا	٩٤
ج- گواستنەوەی واتا	٩٦
سەرچاوەكان	١٠٣-١٠٨

پێشەکی

پێشەکی:

یەکێ لەو زانستانەی کە لە زمانی کوردیدا کەمی لێکۆڵدرابێتەوە زانستی لێکسیکۆلۆجییە،لێکسیکۆلۆجی زانستێکی زمانییە لە ڕووی بنچینە و پێکهات و گەشە و گۆڕان واتاوە لە وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە،لێکسیکۆلۆجی ئەو زانستە گرنگەیە کە ناتواندرێت فەرامۆشبکرێت لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا و هەنگاوێکی گرنگە بۆ دانانی فەرهەنگ، بێگومان لێکسیکۆلۆجی گرنگی خۆی هەیە لە هەموو زمانێکدا بەتایبەتیش زمانی کوردی بۆ ئاشنابوون بە لێکسیکەکانی زمانی کوردی و دەستنیشانکردنی سەرچاوە و کانگەی وشەکان، چونکە زۆرجار نەشارەزایانە و بەهەڵە دەگوترێت ئەم وشەیە عەرەبیە یان فارسیە.....هتد، چونکە وشەکەی لە ناو زمانی عەرەبی یان فارسی یان تورکی دیوە،لە راستیدا بوونی وشەی هاوبەش لە نێو زمانەکان کارێکی سروشتییە لەبەر کارتێکردن و نزیکایەتی لەگەڵ یەك یان ئەو زمانانەی کە لەیەك خێزان پەیدابوونە ئەمەش نەك تەنها لە زمانی کوردی دا بەدیدەکرێت، بەڵکو هەموو زمانێك وشەی بێگانەی تیایە.مەبەست لەم کتێبە ناساندنی لێکسیکەکانی زمانی کوردیە یە بەخوێنەران تاکو ئاشنایەتی و شارەزایی ئەوەیان هەبێت کە بە وشە ڕەسەن و خواستراوەکانی زمانی کوردی ئاشنابن و ببێتە مایەی سوودمەندیش بۆ فێرخوازانی بەشەکانی زمانی کوردی لە زانکۆکاندا، چونکە لە راستیدا ئەم کتێبە بەشێکە لە کۆکراوەی ئەو وانانەی کە لە بابەتی لێکسیکۆلۆجیدا گوتوومەتەوە لە بەشی زمانی کوردی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین و کەمی سەرچاوەش لەم بوارە بوو بە هاندەرم بۆ دانانی ئەم کتێبە، کە هیوادارم ببێتە مایەی سوودمەندی بۆ خوێنەرانی.

دانەر

پ.ی.د.عەبدولواحید موشیر دزەیی

Dr.abdulwahiddezaye@yahoo.com

بەشی یەکەم
لێکسیکۆلۆجی و بوارەکانی

بەشی یەکەم: لێکسیکۆلۆجی و بوارەکانی:

١- پێناسەی لێکسیکۆلۆجی:

لێکسیم (lexeme) وشەیەکی رووت و دابڕاوە چەند بەکارهێنان و واتایەکی هەیە (محمد علی الخولی:١٩٩١:١٥٢) زانستی زمان سەلماندوویەتی کە زمان دارشتەیەکە و ئەم دارشتەیەش بەرهەمی یەکگرتنی توخمەکانی وشە و زاراوە و ڕێزمان و ...هتد. لێکسیکۆلۆجی Lexicology وەك زانستێکی زمان گرنگی بە وشە دەدات لە رووی دارشتن و گەشە و گۆرانی واتا و فرەواتا و هاوبێژەکانی (محمد علی الخولی :١٩٩١:١٥٤) کەواتە لێکسیکۆلۆجی گرنگی بە واتای وشەکان و ئەو سەرچاوانەی کە وشەکی لێدروستبووە دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو گەشەو گۆڕانکاریانەی کە بە درێژایی مێژوو بەسەریدا هاتووە لەگەڵ جیاکردنەوەی وشەی رەسەن و نارەسەن و بەکارهێنراو و مردوو.

ئەرکی لێکسیکۆلۆجی لێکۆڵینەوەیە لە وشەکانی زمان لە رووی:

١- واتا.

٢- شوێنییان لە یاسای گشتی زماندا.

٣- پەیدابوونی.

٤- بەکارهێنانی.

٥- دەرفەتی جێکردنەویان لە ئاخاوتن.

٦- جۆری دەربڕین و شێوەی چەسپاندنیان لە رەوانبێژیدا. (نەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٣).

بۆ نموونە لێکسیکۆلۆجی بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ وشەی (خاوێن) دەکات:

خاوێن : پێکهاتووە لە (خا + وێنە).

(خا) لە پەهلەوی (خایك) بووە و (خا) لە کوردی فەیلی واتای (هێلکە) دەدات و ئاشکراشە کە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی هێلکە پاکی و سپێتییە،(وێنە) واتای

(وەك) دەدات و (ە) کرتاوە.بۆتە (وێن).جا وشەی خاوێن واتای ئەوە دەدات (پاکە وەك هێلکە یان سپییە وەك هێلکە).(جەمال نەبەز:٢٠٠٨:٢٥١).(خاوێن) لەگەڵ (پاك) هاوواتایە و لەگەڵ (پیس) دژواتایە و (خاوێن) فرەواتایە بە واتای (باش) و (رابردوو پاك)، دێت.

- ئۆتۆمۆبیلەکەی خاوێنە واتە: ئۆتۆمۆبیلەکەی باشە.
- رۆژگار کەسێکی خاوێنە واتە: رابردووی پاکە.

٢- لێکسیکۆلۆجی و هاوسێکانی:

لێکسیکۆلۆلۆجی هێمایەکە لە رووی فۆرم و ناوەرۆکەوە لە وشە لێکسیکییەکان دەکۆڵێتەوە بەواتایەکی تر لە رووی وشەسازی و واتاسازییەوە لە وشە دەکۆڵێتەوە لە رووی مێژوویی و ئێستاییەوە ئەم هێلکارییەی خوارەوە شوێنی لێکسیکۆلۆجی لەناو زانستە زمانییەکان دەخاتەروو:



أ- لێکسیکۆلۆجی و زاراوەسازی:

زاراوە رێکەوتنە لەسەر واتای وشەیەك بۆ شتێکی دیاریکراو کە پێشتر ئەو واتایەی نەبووە کە لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکەی یەکناگرێتەوە،زاراوە جۆرێکە لە وشەی تایبەت بە بابەتێك لە بابەتەکانی زانست و زانیاری و رۆشنبیری کە لە کاروباری رۆژانەدا بەکاریدێنن.(کامل حەسەن بەصیر:١٩٩٠:٥١٧)

١- زاراوە چەشنێکە لە وشە.

٢- زاراوە تاقمێك لە کۆمەڵانی خەڵك سازی دەکەن.

٣- زاراوە واژەیەکی نوێیە و دوو واتا یان پتری هەیە.

٤- گواستنەوەی وشەیەکە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر کەوابوو هەموو زاراوەیەك وشەیە، بەڵام هەموو وشەیەك زاراوە نییە. (کامل حەسەن بەصیر: ١٩٧٩:٤٢ تا ٤٤).

پەیوەندی لێکسیکۆلۆجی بە زاراوە ئەوەیە، کە زاراوە جۆرێکە لە وشە، بەڵام ئەوەی لەیەکیان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە زاراوە وشەیەکی نوێیە و دەستەیەك لە خەڵك دای دەنێن کەچی لێکسیك بەرهەمی هەموو خەڵکە نەك تاقمێك، لە لێکسیکدا گواستنەوەی واتای تیانییە لە وشەیەك بۆ وشەیەکی تر، بەڵام لە زاراوەدا گواستنەوەی واتا مەرجێکی سەرەکییە بەم پێیەش زاراوە لە ئیدیەمدا نزیکە، تاکە جیاوازی ئەوەیە ئیدیەم لە لایەن هەموو خەڵکەوە بەکاردێت نەك تاخمێك کەچی زاراوە تاخمێك یەکاری دەهێنن و تایبەتە بە زانستێك لە زانستەکان.

ب- لێکسیکۆلۆجی و وشەسازی:

لێکسیك تاکە وشەیەکە کە واتایەکی فەرهەنگی هەیە و دانەیەکی زمانی دابڕاوە واتایەکی فەرهەنگی هەیە هەر گۆڕانێك لە فۆرمدا رووبدات لە واتاش روودەدات، لێکسیکۆجی بەشێکە زانستی زمان و لەبارەی ئێستا و رابردووی وشەوە دەدوێ

له لێکسیکۆلۆجیدا کاری پێویست و گرنگ زانین و ناسینی وشه و وشەکانی زمانه، بەڵام وشه دەربڕینێکی جێگیرە و پێکهاتی ناوەوەی ناگۆڕدرێت کە لە شێوەی سادە و لێکدراو و دارێژراو و ئاوێتە دەبینرێت وشە دەتوانێت پێشگر و پاشگر وەربگرێت وشە بە دوو شێوە دەبینرێت وشەی ناوەرۆك و وشەی ئەرکی یان وشەی مۆرفۆلۆجی و وشەی رستەیی (محمد علی الخولي:١٩٩١:٢١٠) وشەسازی وشە دەکاتە هۆیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە دەستوور و رێزمان (كامیل حسن بەصیر:١٩٧٩:١٠) بۆ نموونە ئەگەر لێکسیکی (پاك) وەربگرین جیاوازە لە وشەی (پاك:خاوێن) (پاك: نوێ) (پاك: دڵسۆز) (پاك: هەموو)....هتد. ئەم وشانە هەمووی لێکسیکی (پاك) پێکدێنن، کە لە فەرهەنگدا بەوشەیەکی سەرەکی دادەنرێت و بە کەپیتەڵ دەنوسرێت لە زمانی ئینگلیزیدا، ئەوەی بەلای مۆرفۆلۆجیەوە گرنگە ئەوەیە کە ئەم وشەیە ئاوەڵناوی سادەیە لە پلەی بەراورد دەبێتە (پاکتر) و لە پلەی باڵا دەبێتە (پاکترین) و ...هتد، بەڵام ئەوەی بەلای لێکسیکۆلۆجییەوە گرنگە ئەوەیە ئەم وشەیە لەگەڵ (پاقژ) هاوواتایە (synonym) و هەندێ جار بەواتای (هەموو) یان (تێکڕا) دێت بەمەش دەبێتە وشەیەکی هاوبێژ (homonym).(نەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٢).کەواتە ئەوەی ئەم دوو بابەتە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ئەوەیە کە کەرستەی لێکۆڵینەوەی هەردووکیان وشەیە،ئەوەی لە یەکیشیان جیادەکاتەوە گەڕان بەدوای بنج بنەوانی وشەکە و واتا و چۆنییەتی پەیدابوون و بەکارهێنانییەتی لەگەڵ ئەم قۆناغانەی کە پیایدا رۆیشتووە.

ج- لێکسیکۆلۆجی و فەرهەنگسازی:

فەرهەنگ پەرتوکێکە تایبەتە بە کۆکردنەوە و پۆلینکردنی تاکە وشەکانی زمان و بە شێوەیەکی تایبەت، کە تیایدا وشەکان راڤەدەکرێت و تەمومژی وشەکان دەرەوێندرێتەوە واتاسازی و فەرهەنگسازی و لێکسیکۆلۆجی بەیەکەوە گرێدەدات،

ئاشـکرایە واتاسـازی سـێ زانـست دەگرێتـەوە کـە بـریتین لـە واتاسـازی و لێکـسیکۆلۆجی و فەرهەنگـسازی، زۆرجـار واتاسـازی سـیمانتیك بـەوە پێناسـە دەکرێت کە لێکۆڵینەوە لە واتای فەرهەنگی دەکات، بـەڵام لـە راسـتیدا واتاسـازی تەنها گرنگی بەم جۆرە واتایە نادات، بەڵکو گرنگـی بـە واتـای تـریش دەدات وەك واتای رێزمانی و سێبەری واتایی (واتای لاوەکی) و .... هتد،فەرهەنگسازی لقێکـە لە زمانەوانی و گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تاکەوشەکان دەدات و شـێیان دەکاتـەوە و لە واتای فەرهـەنگییان دەکۆڵێتـەوە و پۆلینیـان دەکـات وەك ئامادەباشـییەك بـۆ دانانی فەرهەنگ.بەم پێیەش دەبینین واتاسازی و فەرهەنگسازی گرنگی دەدەن بە واتـا، بەمـەش واتـای فەرهـەنگی دەبێتـە خـاڵی بەیـەك گەیـشتنی واتاسـازی و فەرهەنگسازی، دەبینین لێکسیکۆلۆجیش بەهەمان شێوە گرنگی دەدات بە گەشەو گۆڕانی واتای وشەکان و ئەو پەیوەندییە واتاییەی کە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

٢- بەشەکانی لێکسیکۆلۆجی:

أ- ئیتمۆلۆجی (Etmology):

ئیتمۆلـۆجی ئـەو بەشـەیە لـە زانـستی وشـە کـە لـە پەیدابوون و وەرگـرتن و ئـەو دەورانەی پێدا تێپەربووە دەدوێ (ئەورەحمانی حـاجی مـارف:١٩٧٥:٢٥). بـۆ نموونـە وشـەی (نایاب) پێکهاتوو لە دوو مۆرفیم (نا) نەرێ و (یاب) کە رەگی (یـافتن) فارسـییە و واتای دۆزینەوە دەدات،بەمـەش وشـەی (نایـاب) واتـای نادۆزرێتـەوە دەدات واتـە دەگمەنە.

١- شوێنی زمانی کوردی لە ناو خێزانە زمانەکان:

دابرینە نوێیەکانی زمان دەکەن بە دوو بەشەوە:

A- **بنەماڵەی هیندۆئەوروپی:**

بە گرنگترین بنە ماڵە دا دەنرێت، چونکە قسەپێکەری لە هەموو بنەماڵکانی تر زۆرترە ئەم بنەماڵەیە لە سەدەی ٣-٤ پ.ز لە ئاسیا بوینەوە دوایی بە گێتیدا بڵاو بوونەتەوە، بەڵام هیچ پاشماوەیەکی مێژوویی ئەمە ناسەلمێنێت بۆ زیاتر ئەو رایە پەسند دەکەین کە شوێنی سەرەتایان ئەورووپا بێت کە مێژوونووسان سێ شوێن دەست نیشاندەکەن (سەرووی ئەڵمانیا،دۆڵی دانووب واتە دەشتەکانی هەنگاریا، سەرووی دەریای رەش واتە دەشتەکانی ئۆکرانیا،مێژوو نووسان شوێنی سێیەم زیاتر پەسند دەکەن، چونکە دانیشتوانەکانی (٢٥٠٠) ساڵ پ.ز لە خوورەوشت دەچنەوە سەر خەڵکی میستا و ئەنادۆڵ و سەرووی میسۆ پۆتامیا لە ئەنجامی پەلاماری دراوسێکان و کەش و ئاو هەوا کۆچیان کردووە.کە ئەم بنەماڵانە دەگرێتەوە:

١- هیندو ئاری کە لە دوو بنەماڵەی سەرەکی پێکدێت :

ا- زمانە هیندییەکان وەك:سانسکریتی،پراکیتی،زمانە هیندی نوێ.

ب- زمانەئارییەکان وەك وەك:فارسی،لوجی،ئەسیتی،پەشتوو.کوردی.

٢- زمانی ئەرمەنی.

٣- زمانی ئەڵمانی.

٤- گریکی کۆن وەك ئایۆنی ،ئەستیکی........و زمانانی س/٧پ.ز

٥-زمانەئیتالییەکان.وەك:ئۆسکی،ئەمبری،لاتینی،فەرەنسی،ئیتالی،ئیسپانی، رۆمانی، کە راستەوخۆ لە لاتینی وەرگیراون.

٦- کێلتی وەك:ئێرلەندی،وێلزی،بریتۆن........هتد.

٧- زمانە جێرمانییەکان:

ا-جێرمانی رۆژهەڵات

ب-جێرمانی سەرەوە وەك: ئایالاندی،دانیمارکی،سویدی،نەرویجی،.

ج–جێرمانی رۆژ ئاوا وەك: ئینگلیزی،ساکسۆنی،هۆلەندی،فێلامەندی..

٨– بەلتیکی و سلاڤی:

ا–بەلتیکی وەك: وەك :لیتوانی،لاتاڤی....هتد.

ب– سلاڤی کۆن: کە رووسی و پۆلۆنی و جیکی و سربی و کرواتی و بولگاری نوی دەگرێتەوە.

B- بنەماڵەی ناهیندۆ ئەوروپی:

١– بنەماڵەی سامی و حامی:

ئەم بنەماڵەیەش دەبێتە :

ا– سامی رۆژهەلات وەك: ئاشوری و بابلی

ب– سامی رۆژئاوا وەك: کەنعانی کە عیبری و فینیقی دەگرێتەوە و ئارامیش سریانی و ئارامی رۆژ ئاوا دەگرێتەوە.

ج– سامی خواروو، وەك: ئیسیۆپی و عەرەبی.

بنەماڵەی حامی ش دابەش دەبێت بۆ:

ا– حامی سەروو

ب– حامی رۆژهەلات

ج– میسری کۆن

٢– درافیدی وەك: تامیل، تیلەکو......هتد.

٣– ئۆرالی و ئالتایی:

ا– ئالتایی وەك: مانشو و مەغۆلی و تورکی.

ب– ئۆرالی کە سامۆیی و فینۆئوگرییش لاپی،فینی،هەنگاری،ئیستوانی و فلەندی دەگرێتەوە.

٤– چینی– تبتی وەك:تسایلەندی و بورمی و تبتی .....هتد.

٥– ملایو پۆلیبنیزی.

٦- پانتو لە کەنارەکانی زولو.

٧- سودانی و کینتی وەك: هوسا

٨- هیندی و ئەمریکی وەك: هۆجی و ئەباشی.

٩- قەفقاسی:جۆرجی.

١٠- باسك: ناوچەی بیرە نیز لە سنووری فەرەنسا و ئیسپانیا.

بەم جۆرە دەبینین زمانی کوردی زمانێکی زیندوو و سەربەخۆی ئێرانییە و زمانە ئێرانییەکانیش بەشێکە لە کۆمەڵەی هیندۆئەورپی.

زمانی کوردی پەرەسەندووی زمانی ئاڤێستایە و بنچینەیان یەکە بۆ نموونە ئەگەر بەراوردێکی وشەکانی زمانی ئاڤێستا و زمانی کوردی ئێستا بکەین ئەو راستییەمان بۆ روونده‌بێتەوە:

ئاویستایی	**زارەکانی ئێستای کوردی**
ئاتر	ئاگر، ئایر، ئاویر، ئێر
ئاخشتی	ئاشتی
ئازی	حەز
ئاسەنگ	ئاهەنگ
ئاسمان	ئاسمان، عاسمان
ئاکوڕە	ئاخوڕ، ئافڕ، ئاوڕە
ئاواز	ئاواز، ئاواچ
ئەشتە	هەشت
ئەسرەو	ئەرس،ئەڵسی(هەرسی)، ئەشك
ئاوخورنە	ئاوە وەرە، ئاوە خۆرە
ئایشام	ئایشا، ئادیشا، ئەوان
ئیوە	یوە، یۆ، یەك

ئەورە	هەور، هۆر
ئوشترە	وشتر، حوشتر
بەرزەت	بەرز، بڵند
بنە (لۆنە)	بن، بنە
تەرشن	تەژنە، تینوو
تەمە	تەم، (تەم ومژ)
پیسە	پیس، پیس(پیس و پۆخڵ)
چەکوش	چەکوش
دوشمەنە	دوژمن، دژمن، دشمن
زاماتە	زەما، زاوا
سەرە	سەر، سەرە
سەرەتە	سەرما، سەردا
کوەرگ	گورگ، وەرگ
گۆشە	گوێ، گوێچکە، گۆش
گەورە	گەورە، گەورا، گۆرە
ماسیە	ماسی، ماساوی
نەر	نێر، نیر
هوەر	خۆر، وەر
مژدەم	مزگانی،مژدە

کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەددین
١٤٢٦٢
http://zmanikurdi.kurdblogger.com

٢- وشەی زمانی کوردی:

وشەکانی زمانی کوردی هەندێکیان چالاکن و رۆژانە بەکاردەهێندرێن وەك ئەو وشانەی کە رۆژانە لەسەر زارن و لە قسەکردن و چاپەمەنییەکاندا بەرچاو دەکەون،

وشەی سستیش ئەو وشانەن، کە کەم بەرچاو دەکەون و کەم بەکار دەهێنرێن.یان زمان پێویستی پێیان نەماوە کە بەرەو مردن دەچن یان مردوون :

أ- کوردی رەسەن :

ئەو وشانەن کە لە سەدەی نۆیەمی زاینەوە تاکو ئەمرۆ پەیدا بووینە (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٣٥) زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و خاوەنی تایبەتمەندی لە یاسا زمانییەکان و بۆیەش هەندێ وشەی رەسەنی کوردی وا بەرچاودەکەوێت کە لە هیچ زمانێکدا نییە وەك:

- ئاین: دین
- بەگ: مەزن
- بلوێر: واتە بەو شتە دەلورێندرێ.
- دەنگ: لە زەنگەوە هاتووە (ز) گۆڕاوە بۆ (د).
- جلخوار: لە (جر)ەوە هاتووە کە بە واتای خووڕەوشت دێت لە کرمانجی ژووروو دا،ئەم وشەیەکە لەسەردەمی شێخ مەحمود پەیدابوو،بەو کەسانە دەگوترا کە دەیانویست دەسەلاتی عوسمانی بێنێتەوە کوردستان.بە زۆریش بە تورکی قسەیان دەکرد.
- دەستوور: لە دەستەوەر یا دەستەبەر هاتووە.
- دۆز: لە (داخوان) ەوە هاتووە و لە کوردی باکور واتای مەسەلە دەدات.
- فەرهوود: لە (فرِ+ هوود) فرِ لە فڕاندن وەرگیراوە (هوود) واتە فەرمان بەزۆرداری، واتە فەرماندان بە شت فڕاندن.
- هار: نەخۆشیەکە تووشی سەگ دەبێت.
- حانووت: لە (خانوو+تك) هاتووە.
- کەرکوك: لە (گەرەکۆك) هاتووە.

– لەگەن: لە (لان: جێ) و (گەن: گەنیوو).بۆ دەستشۆر بەكاردەهات.

– لەقلەق: لاق لاق هاتووە.

– لەشكر: سوپا

– لوولە:

– نای: شمشاڵ

– پەرەسێلكە: پەڕە شلێر (شلێر) گوڵێكە لە پەڕەكانی پەڕەسێلكە دەكات.

– ڕێواس:

– شووتی: شفتی،شامی.

– تاس: دەفری لە مس دروستكراو.

– تەپڵ: لە تەبەقەوە هاتووە.

– توور: كیسە (توورەگە).

– توێژ.

– خەستەخانە: نەخۆشخانە، لە خستنە خانەوە هاتووە.

ب- ئێرانی:

كورد سەربە بنەماڵەی هیندۆئەورووپییەكانە لە خێزانی ئارییەكان كە زمانە ئارییەكانی وەك: فارسی،بلووجی،ئەسیتی،پەشتوو،كوردی دەگرێتەوە (محمد معروف فتاح:١٩٩٠:١٥٠).بۆیە بوونی هەندێ وشەی هاوبەش لەنێوان ئەو زمانانەدا شتێكی ئاساییە و ئەرك ناخاتە سەر قسەپێكەرانی كورد،چونكە نامۆ نییە لە لایان.وەك وشەی (دوور) لە كوردی و فارسیدا هاوبەشە و پاشماوەی (دوورا) ی ئاڤێستایە (رفیق محمد شوانی:٢٠٠٨:٢٠) هەندێ وشەی تری وەك: نوشتە و وەرزش، ڕۆژنامە، ئاياب،.......هتد.(ساكار انور حمید:٢٠٠٩: ١١١)

ج- هیندۆ ئەورووپی:

هەروەکو گوتمان زمانی کوردی سەر بە بنەماڵەی هیندۆئەورووپییەکانە و ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە وشەی زۆری هیندۆئەورپی لە زمانی کوردی دا بەدیدەکرێت.وەك:مانگ moon،ئەستێرە star،دوو two،نۆ nine.... هتد.(رەفیق محمد شوانی ٢٠٠٨:٢٠) هەروەها چەندین وشەی تری وەك:

- ئاقار: پارچە زەوی کە بۆ خانوو دروستکردن بەکار دێت.
- بست: بەدەست.
- جوون: جوێن.
- دوێت: کچ
- گەنج:
- گەورە:
- هێلکە:
- کاسە: قاپ.
- کلیل:
- کڕاندن:
- لاق: لنگ
- لاس: کوڕی گەنج.
- مات: کپ،کز.
- پەنجەرە: دەرگا لە شێوەی پەنجەکانی دەست.
- پرد.
- ڕێ
- سەتڵ: لە (scatula) ی لاتینیەوە هاتووە.
- سنوور: مەرز.

- شەرم:
- تات: باوك.
- تەویلە.
- خەزال: ئاسکە.

د- عەرەبی:

هاتنە ناوەوەی وشەی عەرەبی بۆناو زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ئیسلام بوونی کورد لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زاینی لە (١٦) ی کۆچی (٦٣٨) زاینی و تێکەڵاوی و دراوسێیەتیش.لەگەڵ ئەمە بەشێك لە کەلتووری عەرەبی هاتە ناو زمانی کوردی بەتایبەتیش ئەو وشانەی کە پەیوەندیان بە ئاینی ئیسلامەوە هەبوو وەك: (تەفسیر،تەقلید،جەماعەت،حەج، زەکات،زولم،سەبر،شەرح،عەدالەت، حەیا، مەزهەب،حۆری،.....هتد) جگە لە وشانەی کە لە ناو زمانی کوردیدا دەستکاری کرا وەك:(طعم– تام) و (عن قصد– ئەنقەست). ...هتد.جگە لەمەش جۆرێکی تر دەستکاری دەنگەکانیان کرا،چونکە لەگەڵ سروشتی زمانی کوردی نەدەگونجا وەك:(ث،ص،ض،ط،ظ،ذ) کە تەنها (س،ت،ز) وەرگیراون (ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم: ١٩٨٢: ٨-٩)،دوای ئەمەش بەشێکی کوردستان بەپێی ڕێکەوتنی سایکس بیکۆ کەوتە ژێردەستی عەرەب و کەوتە بەر شاڵاوی ململانێ ی زمانی سیاسەت و دەسەڵاتی عەرەبی بە خوێندن و نووسینیشەوە و سیاسەتی بەعەرەبکردنیش هۆکارێکی تربوو بۆهاتنە ناوەوەی زۆر لە وشە عەرەبیەکانی وەك: (ئیدارە، ئینقیلاب،ئیسراحەت،بەدالە،ئیعدام،ئیمزا،بیتاقە،حاکم،حیزب،ڕەسمی،سەفەر، سەلیقە،سعات،شعور،شیعر،ضریبە،عادل،عافیەت،عەسکەر،هەڵبەتە: لە (البتە)ەوە هاتووە......هتد.

........هتد).

ه- تورکی و تورکی مەغۆلی:

بوونی ووشەی تورکی لە ناو زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمرانی عوسمانیەکان لە کوردستان کە ماوەی (٥٠٠) ساڵێك حوکمرانیان کردوو وشەکانی وەك:(ئۆغر،قوزەلقورت،قەڵەباڵغ،قەرەداغ،قەزاتە،یاسا،قشڵە،جەندرمە،چوخم، قاتر) کە لە زمانی کوردی و زمانەکانی هیندۆ ئەوروپیدا نین (نەسرین محمد فخری:١٩٨٧:٢٢) هەروەها ئاغا، نۆکەر،یاپراخ کە لە (iprach) ەوە هاتووە.

و-سانسکریتی:

- چادر: لە چەترەوە هاتووە و واتای خێوەت دەدات.
- چەتر:
- چارشێو: لە (چادر) ەوە هاتووە واتە چەتری شەو.
- کەر: لە کەرە هاتووە.
- مسك: جۆرە بۆنێکە.
- پەراسوو:
- پەتی: شتی پاك.
- قەنداخ: لە (کهندە) هاتووە.
- سامان: سەروەت
- سفر: لە (سۆنیا) وە هاتووە.
- سۆما.
- شەم: مۆم لە (سۆما) وە هاتووە.
- شەرواڵ.

ز- ئینگلیزی:

- چاکەت: jaket

- گلۆپ: globe
- سویچ: لە (switch)ەوە هاتووە.
- تایتڵ: سەر نێوی پەرتووك، لە (title) ەوە وەرگیراوە.
- تەندەر: لە (tender) ەوە هاتووە.
- ئێش: ئازار لە (ache) ەوە هاتووە.
- فەرمەسۆن: بە لایەنگرانی ماڵی ئازاد دەگوترێت لە وشەی (freemaason)
- هۆڕن: دەنگێكە بۆ هوشیاركردنەوە لە (horn) هاتووە.
- كوشن: لە (couching)
- لۆری: لە (lorry)
- پەنچەر: لە (pencer)
- پرۆفایل: لە (profile)

ح- چینی:

- چای:
- كاخەز: كاغەز

گ- یۆنانی:

- دراو: لە دراخمیٚ ی یۆنانیەوە هاتووە.
- ئەفەندی
- ئەڵماس.
- فانۆس: چرای نەوت، لە فانۆز (fanoz) ی یۆنانیەوە هاتووە
- ئەتڵەس: لە بنەڕەتدا دێوێكی ئەفسانەیی بووە.كە كتێبێكە نەخشەی وڵاتانی تێدایە.
- گاز: gaz
- كەرامەت:

– مێزەر: لە (میترا) وەرگیراوە.

– نامووس: لە (نۆمۆس) ەوە هاتووە.

– پیاڵە:

– پوول: لە (obolos)

– قانوون: دەستوور.

– قنارە: لە (gennare)

– قەپان: لە (گەپپان) هاتووە.

– تاپۆ: لە (تۆپۆگرافیگۆس) ەوە هاتووە.

– تۆمار: لە (tom) ەوە هاتووە واتە نەخشە کێشان.

ی- لاتینی:

– دکتۆر: فێرکەر.

– دینار: دیناری پارە.

– ستران: گۆرانی لە وشەی لاتینی (historie) وەرگیراوە.

– گومرگ:

– لۆبی: لە (lobia)

– مناوەرە: بەدەست جێبەجێکردن.

– کابینە: لە (capanna)

– قامووس: لە (campus)

– قارە: لە (quartarius) ەوە هاتووە.

– سانسۆر: لە (censor) ەوە هاتووە.

– سلاو: لە (salus) ەوە هاتووە.

ك- عیبری:

- ئاخ: خاك لە (هائاریێتز) هاتووە.

- رەبەن: لە رەهبانەوە هاتووە کە لە بنەچەدا (راڤقی) ی عیبرییە.

- شەیتان:

ل- هیندی:

- عەمبە: لە (ئەنب) هاتووە.

- تەنك: لە (tenuke) ەوە هاتووە.

م- فەرەنسی:

- عەتر: بۆن لە (odeur).

- فانیلە: ژێرکراس لە (flanelle)

- گالۆن:

- گەراج:

- کامیۆن: لۆری گەورە لە (camion) وەرگیراوە.

- کۆنترۆڵ:

- لۆج: لە (loge).

- ماشێن: ئۆتۆمۆبێل.

- پالْتۆ: لە مانتۆ (manteau)

- پرۆژە: لە (projet)

- قۆنتەرات: لە (contract) ەوە هاتووە.

- قوماش: لە (chemise) ەوە هاتووە.

- سرنج: لە (seringue) ەوە هاتووە.

- سیڤیل: هاوڵاتی لە (civills) ەوە هاتووە.

- شۆستە: لە (chaussee) ەوە هاتووە.

- ترومپا: لە (trompe) ەوە هاتووە.

ن- سلاڤی:

- گالیسکە: عارەبانە

س- رووسی:

- ئیستیکان: لە (ستاکان) ەوە هاتووە.
- نەوت: نەفت.
- سەماوەر.
- تۆپ.
- یاقووت.
- زاکۆن: قانوون.

ع- ئەوروپایی:

- کەناڵ
- مەکینە.
- ماتۆڕ: لە مۆتۆڕەوە وەرگیراوە.
- پانتۆڵ
- پاتری:
- سابوون.
- ساقۆ: پاڵتۆ.

سەراو: ئەو شوێنەیە ئاوی تێدایە.

- یەخە: یاخە، ئێخە.

ف- ئەڵمانی:

- قاپوت: لە (kaputze)

- تانکی: لە (tank) ەوە هاتووە.

ص- ئیتالی:

- زەڵاتە: لە (insalata) ەوە هاتووە. (جەمال نەبەز:٢٠٠٨:٦٤ تا ٢٦٩).

ق- زاراوەی جیهانی:

ئەو وشانە دەگرێتەوەلە ئەنجامی داهێنان و پێشکەوتن هاتوونەتە کایەوە سنووری زمانی خۆیان دەبەزێنن و دەکەونە ناو زمانی ترەوە و بە هەمان واتاش بەکاردێن.کە بەشی زۆری زاراوەی ئەورووپی دەگرێتەوە کە بۆ پێشکەوتنی باری کەلتووری و پشەسازی دەگەڕێتەوە لە هەموو بووارەکان.لە هەموو زمانێکیشدا بەرچاو دەکەوێت .وەك: (ئەلەکترۆن،ئەمپێر، ئەنتەرنێت،بالۆن، تەلەفۆن، جوگرافیا،سەتەلایت،ڤایرۆس،ڤیتامین،ڤیدیۆ،مۆبایل،کۆمپانیا،کامیرا،کەلتوور ....هتد).(عبدالواحد مشیر دزەیی:٢٠٠٢:٧).

ر- وشەی مردوو:

ئەو وشانەی کە لەکار دەکەون و بەکارهێنانیان نەماوە یان کەمە وەك: (بوێر،شۆخ،دڵگیر، پەروەردە،.......هتد) ئەوا پێیان دەوترێ وشەی مردوو وەك ئەو نموونانەی کە (ئۆسکارمان) کۆی کردونەتەوە وەك: (کەبرێن، سەبرێن،نسرین،.......) کە هەندێکیان لە رستەدا واتایان روون دەبێتەوە وەك: (نسرین) کە بەواتای (خەم) دێت بۆنموونە:

ئەگەر ژنی گەورەی میری وادەبینـــــــــــی

بانگ دەکا:برایم چاکە مەکێشە خەم و نسرینێ

هەرچی وشەی (کەبرێن،سەبرێن) واتایان روون نییە و لە رستەش بۆمان روون نابێتەوە وەك:

دەڵێ: خولایە نە بە کەبرێنێ نە بە سەبرێنێ.

بۆخۆت گیانان دەدەی، گیان دەسێنـــــــی

ش- وشەی نوێباو:

ئەو وشانەن کە بۆ مانایەکی ناسراوی دانەیەك لە زمان بەکار دەهێنرێن و تازە هاتونەتە ناو زمانەوە نەچونەتە ریزی وشە چالاکەکان کە هێشتا بەتەواوەتی جێگای خوی لە ناو زماندا نەکردۆتەوە ئەوا پێیان دەگوترێت وشەی (نوێ باو) وەك: (گەواهی،راگر،دەمراست،بڵندگۆ،ئامێر،.......هتد) وشەی نوێباو لە ئەنجامی دوو هۆکار دورست دەبێ: هاتنەکایەی شت و مانا و دیاردەی نوێ لە ئەنجامی گەشەو گۆرانی زمان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا،سەرهەڵدانی ناوی نوێ بۆ ئەو مانایانەی کە ناویان هەبووە.

ب- واتاسازی (Semntics):

١- لێکسیك وواتا:

لێکسیك بە پێی واتا دابەش دەبێت بۆ:

أ- تایبەت: ئەو وشانە دەگرێتەوە کە یەك واتای هەیە وەك دار،بەرد، ئاسن...هتد.

ب- هاوبەش: ئەو وشانە دەگرێتەوە کە زیاتر لە واتایەکیان هەیە و دەبنە دو بەش:

أ- **فرەواتا** Polysemy :

وشەیەکە زیاتر لە واتایەکی هەیە،بەڵام واتاکانیان لە بنجەوە لەیەك نزیکن و بەیەك وشە لە فەرهەنگدا دەنووسرێن (کلود جرمان و ریمون رویلان:١٩٩٤:٤٠) یان هەروشەیەك کە زیاتر لەواتایەکی هەبێت بێی دەوترێت (فرەواتا) (Crystal:1992:307) وەك:

ڕۆژ (١) (ڕۆژەکانی هەفتە)

ڕۆژ (٢) (خۆر)



ب- هاوبێژی Homophone :

ئەم وشانە دەگرێتەوە کە واتاکانیان لە یەکدوورن و لە وشە فرەواتاکان دروستبوون (محمد مەحوی:٢٠٠٩:١٠٨) واتاکانیش لەبنچینەدا بۆ دوو وشەی جیاواز دەگەڕێنەوە واتە هەڵقوڵاوی یەك ڕەگەز و بنچینە نین (محمد معروف و صباح رشید:٢٠٠٦:٦٨) کە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بە ڕەگەزدۆزی تەواو ناسراوە (کۆرش صفوی:٢٠٠٦:٥٢) وەك:

مار(١) (ماڵ)

مار(٢) (مار)



ئەمیش دەبێتە دوو جۆر:

١- ئەو وشانەی کە لە نوسیندا یەکن، بەڵام لە گۆکردندا جیاوازن ،بۆ ئەم مەبەستەش هێز ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە وەك:

دوو ڕوو (١) (منافق)

دوو ڕوو (٢) (وجهان)

٢- ئەو وشانەی کە چەند واتایەك دەدات، بەڵام واتاکانیان لەیەك دوورن (محمد معروف فتاح :١٩٩٠:١٧٠) وەك:

ئازار (١) (مانگی مارت)

ئازار(٢) (ئێش و ژان)

ڕێژەی هاوبێژی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ بەتایبەتی لەو زمانانەدا بەدیدەکرێت کە وشەی یەك بڕگەییان زۆرە وەك:زمانی ئینگلیزی و فرەنسی ئەو زمانەی وشەی لێکدراوی زۆر بێت ئەوا وشەی هاوبێژی کەمە.فرەواتایی پەیوەندی بە بەکارهێنانی وشەوە هەیە.تا وشەیەك زیاتر بەکار بێت ئەگەری ئەوەی زیاترە بێتە فرەواتا.وشە فرەواتاکان وشەی یەك بڕگەی کورتن،فرەواتایی قۆناغێکە بۆ

هاتنەکایەی هاوبێژی، چونکە لە سەرەتا واتاکان لەیەك نزیکن و دواتریش دوور دەکەوێتەوە و دەبێتە هاوبێژی. فرەواتایی دوو سەرچاوەی هەیە:

أ- گواستنەوەی واتا بە خوازە و خواستن دەکرێ وەك گواسنەوەی ملی مرۆڤ بۆ ملی شوشە، چونکە لە شێوە و ئەرك لەیەك دەچن (محمد معروف فتاح:١٩٨٦:١١٠).

ب- هاورێیەتی کە لە ئەنجامی هاورێیەتی و بەیەکەوە هاتنەوە واتاکەی دەگۆڕێت وەك:

- ساناو (سێو، گوشت،ئاو،جگەرە،سوێند،پارە) ەکەی خوارد.

لەم رستەی سەرەوە وشەی (خوارد)چەند جۆرە واتای هەیە بەپێی رستەکە.

فرەواتایی و هاوبێژی گرنگیان وەك یەك نیە.فرەواتایی ئابووریە لە وشە و نەبوونی توانای زمان کەم دەکاتەوە و ژمارەی وشەی فەرهەنگ زۆردەکات، بەلآم هاوبێژی بەشێکی گرنگ نیە لە زماندا، چونکە لە چالاکی زمان کەم دەکاتەوە و ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەر ئەو کەسانەی فێری زمان دەبن.تەم ومژ دروست دەکات. تەم ومژ لە ئاخاوتن نیە، چونکە دەوروبەر دەیرەوێنێتەوە، بەڵکو تەنها لە نووسیندا هەیە. فرەواتا و هاوبێژی لەیەك ئاستی زماندا نابینرێت تەنها وشە ناگرێتەوە،بەڵکو مۆرفیمە بەندەکانیش دەگرێتەوە،بۆ نموونە پێشگری (دا) واتای بەرەو ژێربوونەوە دەدات لە وشەکانی(داگرت،دابەزی،داکەوت)، بەلآم لە وشەی(داپلۆسی) واتای لێدان دەگەیەنێت و لە وشەی (دابڕی) واتای دوورخستنەوەی شت دەگەیەنێت و لە وشەی (داگیرساند) واتای بەرە و سەرەوە دەگەیەنێت (محمد معروف و صباح رەشید:٢٠٠٦:٧٢).

ج- گواستراوە: ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لەسەرەتا واتایەکیان هەبووە دواتر لەبەر بوونی پەیوەندی گواستراوەتەوە بۆ واتایەکی تر.

د- لەخۆوە: ئەو وشەیە دەگرێتەوە کە لەسەرەتا واتایەکی هەبووە دواتر بۆ واتایەکی تر بەکارهاتووە کە هیچ پەیوەندی پێوە نییە.

هـ- دروست: ئەو وشانە دەگرێتەوە کە بۆ واتا بنچینەییەکە بەکارهێنراوە.وەك گوڵ بۆ تەنی گوڵ.

و- خوازە: ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە بەواتا بنچینەییەکی بەکار نەکارهاتووە ئەمەش لە ئەنجامی بوونی پەیوەندی لە نێوانییان. وەك ناونانی شێر بۆ مرۆڤێکی ئازا.

٢- پەیوەندی واتایی نێوان لێکسیکەکان (Sense Realation):

ئەم پەیوەندییە بە پەیوەندیی شوێنی ناسراوە کە بریتی دەبێت لە پەیوەندیی وشە بە وشەکانی پاشتر و پێشتری خۆی،بۆنموونە:هەموو ئەو پەیوەندیانە دەگرێتەوە کە وشەی(سێو) لە بەکارهێنانەکانیدا دەیبەستێتەوە بە وشەکانی تر (Jean Aitchison :1993:81) لە رستەیەکی وەك:

- ئازاد (سێو) ەکەی خوارد.

ئەم جۆرە واتایە دوو وشە یان زیاتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لە ناوەوەی زماندا کاردەکات و واتای هەر وشەیەك دیار ناکرێ،تاکو وشەکانی دەوروبەری نەزاندرێ، چونکە وشەکانی دەوروبەر مانای تاکە وشەکە روون دەکەنەوە و بە واتایەکی تر واتای فەرهەنگی هەر وشەیەك بەشێکە لە واتاکەی لەناو رستەدا.

(سۆسێر) لەو باوەرەدایە کە زمان پەیرەوێکی پەیوەندیە کە وشەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و نرخی هەروشەیەك لەو شوێنەدایە کە تیایدا بەکار دێت (وفاء محمد کامل:١٩٩٧:٢٢٦)، هەر بۆیەش ئەم دوو رستەیەی خوارەوە نابنە هاوواتا:

١- رزگار ئازاد دەناسێ.

٢- ئازاد رزگار دەناسێ.

واتای وشە بریتییە لە ژمارەی بەکارهێنانەکانی (کلود جرمان و ریمون روبلان:١٩٩٤:٤٦) هەر بۆیەش هەندێ لە زمانەوانان لەو باوەڕەدان، کە یەکەی سەرەکیی واتا ڕستەیە نەك وشە، چونکە واتاکەی ڕوونترە (بالمر:١٩٨١:٢٦)وشە واتایەکی چەسپاوی نییە و بەگوێرەی شوێنەکەی دەگۆڕێت (لاینز:١٩٦٨:٤).کەواتە واتای ڕستە تەنها بە واتای وشەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بەهەموو ئەو واتایانەش بەستراونەتەوە کە لەگەڵی بەکاردێن (میشال زکریا:١٩٨٠:٢١١).بەمەش شارەزای هەموو بەکارهێنانەکانی دەبین (عزمی اسلام:١٩٨٥:٦٦) کە لە کۆمەڵدا باوە، بەم پێیە واتا لە کێشەی چەمك و وێنەی هۆشەکی و هەست و سۆزی کەس دوور دەخاتەوە کە سنووردار نەبوون و واتایان لە ئەڵقەیەکی بەتاڵ دەسووڕاندەوە.بەمەش لێکۆڵینەوەکانی واتاسازیان بەرەو بابەتی برد، چونکە لە سنووری زمانەوانی دەرناچێت.دەرکەوتنی وشە لە هەر ڕستەیەکدا دەبێت دوو جۆرە پەیوەندی ڕەچاو بکرێت:

پەیوەندیی ئاسۆیی (ڕۆنان)

پەیوەندیی ستوونی(گۆڕینەوە)

أ- پەیوەندی ستوونی (Paradigmatic):

مەبەستمان لە پەیوەندی ستوونی پەیوەندیی وشەسازیی نێوان وشەکانە کە دەتواندرێت لەجیاتی دابنرێت یان وشەیەك بە وشەیەکی تر ی هاوئەرك لە

بگۆردرێتەوە بێ ئەوەی کار لە پەیوەندی ئاسۆیی رستەکان بکات، ،بەواتایەکی تر بریتییە لە پەیوەندیی نێوان وشە پێکهێنەرەکانی رستە لەگەڵ وشە نادیار و لەبەر دەست نەبووەکانی نێو رستە (عبدالواحد مشیر دزەیی ٢٠٠٧:٤٥) بۆ نموونە رەستەیەکی وەك:

– ئەو بەیانی دێت .

هەر یەك لە وشەکانی ئەم رەستەیە پەیرەوێك لە دەرەوەی ئەم رستەیە دروست دەکەن.بۆ نموونە جێناوی (ئەو) لەگەڵ جێناوی تری وەك (من،تۆ،ئەوان....هتد) پەیوەندی هەیە و پۆلێکی پەیوەندیی وشەسازی دروست دەکەن کە جێناون ، کەواتە ئەم جۆرە پەیوەندیە لە زماندا پۆلینمان بۆ دەکەن لە چەندین پەیوەندی وەك هاوواتایی و دژواتایی و گرتنەوەدا.. هتد:

١– **هاو واتا** Synonymy :

هاوواتا بریتیە لە دوو وشە یان زیاتر کە یەك واتایان هەبێت (نورالهدی لوشن ١٩٩٥:١٠٦) ، وەك: جوان،رەند...هتد،ئەو کچە(جوانە،رەندە، شۆخە، قەشەنگە) پەیوەندی نێوانیان شوێنی ستوونییە و یەك واتایان هەیە،بەڵام زۆربەی بیروڕاکان ئاماژە بەوە دەکەن لە زماندا دوو وشە نیە یەك واتایان هەبێ،چونکە ئەگەر دوو وشە وەك یەك بن لە توانای کەم دەبێتەوە بۆیە بەرای ئەمان تەنها(خوێ:Nacl) هاوواتان ،ئەمیش لەبەر کۆتی واتای شێوازی ناتواندرێت بە هاوواتای تەواو دابنرێت،چونکە واتا لاوەکییەکان رێگرن لەبەردەم هاوواتابوون (نارا علی ئەحمەد ٢٠٠٨:١٠٢)،بەڵام هاوواتای ناتەواو نکۆڵی لێناکرێ، چونکە هەر فەرهەنگێ بگرین ئەوا واتای وشەکانی بە بەچەند وشەیەکی تر لێکدراوەتەوە.

أ- سەرچاوەی دروستبوونی هاوواتا :

ئاشکرایە کە زمان بەردەوام لەگەشە و گۆراندایە جا بەهۆی ئەم گەشە و گۆرانە پێشکەوتنی ئەم زمانەش هاوواتاش پەرە دەسێنێت و گەشە دەکات،جا پەیدابوون و گەشەسەندنی دانەکانی زمانی کوردی وەکو هەموو زمانەکانی تر لە دوو رێگەوە سەری هەڵداوە :

أ- رێگەی راستەوخۆ:بەهۆی هەڵێنجانی ووشەی کوردی رەسەنە لە ناو زارەکانی زمانی کوردیدا.

ب- رێگەی لاوەکی:ئەویش بە وەرگرتنی ووشە لە زمانی بێگانەوە (نەورحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٢٦)

سەرچاوەی دروست بوونی هاوواتا دەگەرێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- بوونی چەند دیالێکت و بەشە دیالێکت لە زمانێك دا وەك:(لووت،کەپوو، قژ، پرچ،باسك،قۆل)

٢- لە ئەنجامی بەکارهێنانی دوو شێوازی جیاواز یان بەکارهێنانی زاراوەی جیاواز وەك:(جەناب،بۆ،خوێ،سۆدیۆمی کلۆرید) (محمد معروف فتاح: ١٩٩٠:١٧٦)

٣- بەهۆی خواستنی ووشەی بێگانە کەلە پاڵ ووشە رەسەنەکە بەکاردەهێنرێت وەك:(مەردووم، ئینسان،مرۆڤ ، فەقیر،هەژار) (نەورحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:١٧٦)

٤- هەندێك ووشە هاوواتان،بەلام تاکێکیان لە چەند فرێزێك دا بەو واتایە دێت وەك:لە رستەی خۆی شاردەوە دەتوانین بڵێین خۆی مەلاسدا،بەلام لە رستەی کتێبەکەی شاردەوە وشەی مەلاسدا ناتوانین لە شوێنی (شاردەوە) دابنێین (محمد معروف فتاح:١٩٩٠:١٧٦) .

٥- هۆكاری دەروونی زۆرجار دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوواتا بۆ نموونە بۆ مردن چەند وشە و دەستەواژەیەك هەیە وەك چرای ژیانی كوژایەوە،ئەمری خوای كرد، كۆچی دوایی كرد....هتد(عبدالحميد حسن:١٩٧١:٧٢).كە هەست دەبڕینی تێدایە.

ب- جۆرەكانی هاو واتا:

١- هاوواتای رەها:

ئەم جۆرەیان بریتیە لە پەیوەندی نێوان دوو وشە كە بتوانن جێگای یەكتر بگرنەوە بێ ئەوەی واتا سەرەكی و لاوەكیە كە بگۆڕێ،بەلآم جۆن لاینز ئەم جۆرە هاوواتایە بە دەگمەن دەزانێ (نورالهدی لوشن:١٩٩٥:١٠٦) هەروەها Goodman و F.C.Stork و D.Widdowson. ئاماژە بۆ ئەوراستییە دەكەن كە وشەكان جگە لە كاریگەرییە ئاماژەییەكە كاریگەریەكی سۆزیشی هەیە،بۆیەش هاواتای تەواو بە دوور دەزانن، جگە لەمەش ناتواندرێ شوێنی یەكتربگرنەوە بێ ئەوەی كاریگەری بەسەر واتا سەرەكییەكەی هەبێت هەرچەندە هەندێ جار دەتواندرێت دوو وشەی وەك:(mama و mother) لە هەندێ دەوروبەردا شوێنی یەكتر بگرنەوە هەروەك Lehrer ئاماژەی بۆ دەكات (عبدالقادر عبدالجليل :٢٠٠٦:٢٧٠).

٢- هاواتای ناتەواو:

پەیوەندی نێوان دوو وشەیە كە لە سیماواتاییە هۆشەكییەكاندا لە یەك بچن ، بەلآم لە واتا لاوەكیەكان و دەربڕین و ڕوژاندندا جیاواز بن، كە باشتر وایە بە نزیكی واتا Contiguity ناوببرێت وەك:كچ:كیژ هاواتای ناتەواون، چونكە سەرەڕای واتا هۆشەكیەكەی واتای شێوازییان جیایە و هەریەكەیان سەر بە زارێكە.

٢- داپۆشین (Hyponymy) :

داپۆشین یان گرتنەوە گرنگترین پەیوەندی واتاسازی رۆنانیە و (لاینز) پێی وایە بریتییە لەم پەیوەندییەی لە نێوان دوو وشەدا هەیە بە شێوەیەك کە واتای یەکێکیان ئەوەندە فراوانبێت کە بتوانێت واتای وشەکەی تریش بگرێتەوە (کورش صفوی:٢٠٠٦:١٦) داپۆشین لە سەرێکەوە نزیکە لە هاوواتا، چونکە وشە گشتییەکە دەتوانێت شوێنی وشەتایبەتە کە بگرێتەوە وەك: باڵندە(کۆتر،بولبول،تاوس، ......) جا کاتێ دەڵێین:

- تاوسێکم هەیە = باڵندەیەکم هەیە

لە داپۆشیندا زاراوەیەکمان هەیە پێی دەڵێن: زاراوەی گشتی یان وشە داپۆشەر (Cover word) و چەند زاراوەیەکی تایبەتیمان هەیە کە پێیان دەڵێن: (Subordinate) زاراوە تایبەتیەکان پۆلێك دروست دەکەن لە ناو زاراوە گشتیەکەدا (احمد مختار عمر ١٩٨٢:٦٦).وەك :گوڵ (مێخەك، نەسرین، مینا، دالیا،یاسەمین..) ئەم وشانە پۆلێکن لە گوڵ، جا زاراوە گشتیەکە گوڵە و جۆرەکانی ئەندامی ئەو پۆلەن.وەك:

- گوڵێکم بۆ برد.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ:گوڵە مێخەکێکەم بۆ برد،بەلام کاتێ دەڵێین:

- گوڵە مێخەکێکم بۆ برد = گوڵێکم بۆ برد.

جا پەیوەندییەکە لە تایبەتیەوە بۆ گشتی هاوواتایە و لە گشتیەوە بۆ تایبەتی دژواتایە، وەك: گوڵێکم بۆ برد # مێخەکێکم بۆ برد، چونکە ئەندامی تری جیاواز لەوانەیە گوڵێکی تری وەك یاسەمین یا دالیای بۆ بردبێت.بەهەمان شێوە کاتێك کە نەفی دەکرێ مانای ئەوە نیە:

گوڵێکم نەکڕی = مێخەکم نەکڕی. واتە مێخەکم نەکڕی # گوڵم نەکڕی.

داپۆشین سوودی هەیە بۆ ڕەنگدانەوەی مێشکی مرۆڤ،چونکە هەوڵ دەدات شتی دەوروبەر کۆ بکاتەوە، لەبەر ئەوە داپۆشین پۆلینکردن دەداتە مرۆڤ ، لە پۆلی گەورەوە بۆ بچووک لە داپۆشیندا دەبێت لە بچووکەوە بۆ گەورە بێت.چون لاینز چەند کێشەیەك دەبینێ لە داپۆشیندا:

أ– تەنها زۆرجار بۆ ناو بەکار دێت بۆ کار و ئاوەڵناو، شتی تر نایەت.

ب– زۆر جار داپۆشین زاراوە گشتیەکەی تێدا نیە بۆ نموونە: (لاکێشە،بازنە، چوارلا،سێگۆشە..هتد) وشەیەك نییە دایان پۆشێت (احمد مختار عمر ١٩٨٢:١٠٠).

ج– داپۆشین بەندە بە زانیاری قسەکەرەوە هەندێ وشە لای هەموو قسەکەرێ دەست ناکەوێت،بۆ نموونە:ئاژەڵ ، مانگا.....دەست دەکەوێ، بەلام (شێردەر) لای هەندێ قسەکەر دەست ناکەوێت لای بایەلۆجیەك یان خوێندەوارێ دەست دەکەوێت.ئەندامە تایبەتییەکان هەندکێجار لە نێوان خۆیاندا پێچەوانەن بۆ نموونە: دوو وشەی (کڕین و فرۆشتن) زاراوەی (پەیداکردن) دایان دەپۆشێت کەچی ئەم دوو رستەیە دژواتای یەکترین وەك لەم رستانەدا دەردەکەوێت:

– ئازاد کتێبێکی لە نەوزاد کڕی.

– ئازاد کتێبێکی فرۆشتە نەوزاد.(عبدالله عزیز محمد:٢٠٠٥:١٦) .

٢- بەش لە گشت Part-whole relation:

ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان (دەست) و (لەشی مرۆڤ)دا هەیە یا لە نێوان تایە و ئۆتۆمۆبیل هەیە،جیاوازی ئەم جۆرە پەیوەندیە لەگەڵ پەیوەندی داپۆشین ئەوەیە دەست جۆرێك نییە لە لەشی مرۆڤ،بەلام دالیا جۆرێکە لە گوڵ.لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئایا بەشی بەش بەشێکە لەگشت؟ لێرەدا دوو بۆچوون سەرهەڵدەدات یەکەمیان بە بەشێك لە گشتی دادەنێت ئەویتریان بە بەش لە گشتی دانانێت. بۆ نموونە:پەیوەندی نێوان دەسك و دەرگا و ماڵ دەگوترێت

دەسك و دەرگا دەشگوترێت دەرگا و ماڵ، بەڵام ناگوترێ دەسك وماڵ جا دەتوانین بڵێین: دەرگاکە بێ دەسکە،بەڵام ناتوانین بڵێین: ماڵکە بێ دەسکە، چونکە دەگوترێ :دەسکی دەرگا (احمد مختار عمر :١٩٨٢:١٠٢).

٤- **جیاوازی** Incompatibility:

جیاوازی پەیوەستە بە بیرۆکەی نەرێ وەك دژواتا ئەم جۆرە پەیوەندییە لە نێوان ئەو وشانەدا دەبێت کە یەکتر داناپۆشن،بەڵکو دوو وشە جیاوازەکە دەبێت زاراوەیەکی گشتیان هەبێت.وەك: مانگەکانی ساڵ و رۆژەکانی هەفتە و پلەکانی سەربازی و رەنگەکان و....هتد. بۆ نموونە:پەیوەندی نێوان سەگ و پشیلە پەیوەندییەکی جیاوازیە، چونکە زارەوەکی گشتییان هەیە کە ئاژەلە و دواتریش یەکتر داناپۆشن.(احمد مختار عمر:١٩٨٢:١٠٦) کەواتە مەرجی (جیاوازی) نەبوونی داپۆشینە.

جیاوازی چوار جۆرە:

أ- جیاوازی بەش لە گشتی:ئەو جیاوازیانە دەگرێتەوە کە لە نێو ئەندامەکانی بەش لەگشت دان وەك:کتاب و بەرگ،گەڵا و دار،پەنجە و دەست......هتد.

ب- جیاوازی بازنەیی:ئەو وشە جیاوازانە دەگرێتەوە کە بەدوای یەکدا دێن و دەتوانرێت هەریەك لەوشەکان ببێتە سەرەتا یان کۆتایی وەك:رۆژەکانی هەفتە(شەممە،یەکشەممە،دووشەممە،سێ شەممە،چوارشەممە،پێنج شەممە، هەینی) یان مانگەکانی ساڵ.

ج- جیاوازی پلەدار:ئەو جیاوازیانە دەگرێتەوە کە پلە پلە سەردەکەون یا دادەبەزن وەك:پلەی زانستی(مامۆستای یاریدەدەر،مامۆستا،پرۆفیسۆری یاریدەدەر،پرۆفیسۆر) یان پلەی سەربازی یان قۆناغەکانی تەمەن.

د–جیاوازی داپۆشین:ئەم جۆرە جیاوازیە دەگرێتەوە کە لە نێو ئەندامەکانی داپۆشیندایە وەك: ئەو جیاوازییەی لە نێوان(مەڕ و بزن) دا هەیە و وشەی (ئاژەڵی ماڵی) دایان دەپۆشێت (سالم سليمان خماش:١٤٢٨:٧٠).

٥- **دژواتا** (Antonymy):

أ- تایبەتییەکانی دژواتا:

بریتیە لەو دوو وشە جیاوازەی کە دوو واتای جیاوازیان هەیەدژواتا هەندێ تایبەتی هەیە بۆ هەموو جۆرەکانی دەبێت،دیاریدەیەکی دوو قۆڵیە، پەیوەندییەکە لە نێوان دوو شت یان دوو کەس (سالم سليمان خماش:١٤٢٨:٦٩) بەپێچەوانەی هایپۆنیمی، هاوواتایی، ئەگەر سەیری پەیوەندی تر بکەین دەبین دوو قۆڵی نین، زۆربەی دژواتاکان بیری بەرەنگاری تیادایە و لە دوو پلە پێکدێت (سارد،گەرم) بۆ نموونە: بەرز گەرمە و نزم ساردە.

ب- جۆرەکانی دژواتا:

١– تەواوکەری Complementary:

ئەم جۆرەی دژواتا وشەکان یەکتری تەواو دەکەن وەك:(نێر،مێ) (زیندوو،مردوو) (رەبەن،بەژن) (راست،چەوت)(پیاو،ژن).تەواکەری کێلگەیەکی واتاییمان دەداتێ، کە دەکرێ بە دوو کەرتەوە،هەر وشەکیان دەچێتە یەکێ لەم کەرتانە. واتە لە نێوانیان دا پلە نیە هەر یەکیان جەمسەرێك دەگرن، ئەوەی لەم جەمسەرە نەبێت لە جەمسەرەکەی ترە. ئەگەر یەکیان نەفی بکەین ئەوا ئەوەی تریان دەسەلمێنین، جا کاتێك کە دەڵێین: کەوەکە نێرە ئەوا ئەوەمان رەت کردۆتەوە کە کەوەکە(مێ) بێت. بەواتایەکی تر دژواتا تەواوکارەکان لەگەڵ یەکدا کۆنابنەوە.(احمد مختار عمر::١٩٨٢:١٠٢)

٢- دژواتای پلەدار Gradable :

لە پەیوەندی هەندێ وشەی وەك گەورە،بچووك دەردەکەوێ کە سیفەتن،جا ئەگەر لە رووی مەنتقەوە یەکمان نەفی کرد ئەوا ئەوی ترمان پەسەند نەکردووە (احمد مختار عمر:١٩٨٢:١٠٢).ئەم دژواتایانە رەها نین،بەڵکو رێژەیین (ھ.ج.ویدۆوسن:٢٠٠٨:٩١) و پلەی جیاوازیە بەپێی پێوەرە جا کاتێ دەڵێن:

- خانووەکە گەورەیە.

مانای ئەوە نیە گەورەیە، چونکە بەراوردی شاراوە هەیە، واتە لە نێوانیان پلە هەیە دەکرێتە چەند بەشێك بۆ نموونە:گەرم، فێنك، سارد ....هتد.هەروەها دەتوانێ ئاوەڵکاری رادە وەربگرێ.وەك: زۆر گەرم.

٣- پێچەوانەیی Converseness:

لە پەیوەندی هەندێ وشەی وەك:(کڕین،فرۆشتن)(ژن،مێرد)دەردەکەوێ و هەردوو وشەکە باس لە یەك کار دەکەن و زۆر جاریش بەیەکەوەش دێن وەك:

- من کتێبەکەم لە تۆ کڕی. واتە تۆ کتێبەکەت بەمن فرۆشت.

لەم دوو رستەدا(کڕین و فرۆشتن) هەردووکیان کردەیەك دەگەیەنن، بەڵام لە دوو گۆشەی جیاواز سەیردەکرێ و هەر جارەی تیشك لە سەر هاوبەشێکە، جارێك لەسەر(من) جارێك لەسەر(تۆ) لەم جۆرەدا جۆرەها واتایەك بەدی دەکرێ (احمد مختار عمر:١٩٨٢:١٠٢) هەروەها ئەم جۆرە دژواتاییە پەیوەندییەکی بە تینی لەگەڵ جۆری (پلەدار) هەیە، چونکە هەر دژواتایەکی پلەدار وەبگرین و بیخەینە پلەی بەراورد ئەوا جۆری دژواتاکەی دەگۆڕێ بۆ دژواتای(پێچەوانە) وەك:

- دارا لە دانا کورت ترە.واتە: دانا لە دارا درێژ ترە.

جا ئەگەر خرا پلەی بەراوردی باڵا.ئەوا پەیوەندیە کە یەکانیە و نابیتە دژواتای پێچەوانە وەك: دانا درێژترین پیاوە.

٤- ئاراستەدار Directional:

ئەم جۆرەدژ واتایە لە ئاراستەکاندا دەبێت وەك:(سەر،خوار) (راست،چەپ) کە لە ئاستەدا دژ و پێچەوانەن (Sebastionlobnen:2002:88) وەك:

- کتێبەکە لەسەر مێزەکە دایە.

٥- ستوونی Paradigmatic:

ئەو دژواتایانە دەگرێتەوە کە ستوونی دەکەوێتە سەر هێڵە ئاسۆییەکە وەك: (باکور - رۆژئاوا) (باشوور رۆژهەڵات) (پێشەوە- دەستەڕاست)....هتد (سالم سلیمان خماش :١٤٢٨:٦٩)



٦- فرە جەمسەر Heteronyms:

ئەم وشانە دەگرێتەوە کە زیاتر لە جەمسەرێکیان هەیە وەك رۆژەکانی هەفتە و مانگەکانی ساڵ و رەنگەکان جۆرەکانی رووەك و گیانلەبەر....هتد (Sebastionlobnen:2002:91).جا ئەم جۆرە دژواتایانە لە رووی واتاسازیەوە پێی دەڵێن جیاوازی (Incomptible)،چونکە ئەگەر یەکیان رەتبکەینەوە مانای ئەوەنیە ئەویتر پەسند کراوە، چونکە کەرەسەی تری بەرامبەرە بۆ نموونە: رەنگەکان کاتێ دەڵێن:

- ئۆتۆمۆبیلەکە سپی نییە.

مانای ئەوە نیە رەنگی رەشە لەوانەیە سەوز یان سوور ....هتد بێت.

ج- ئیدیەم (فریزیۆلۆجی phraseology):

١- ئیدییەم و جۆرەکانی:

بریتییە لەو تێکپچڕژانەی کە ئاسایی دوو وشە یان زیاتر پێکهاتووە، کە واتاکەی لە واتای کەرتەکان یا پەیوەندی ڕێزمانی ئەم کەرتانە پێشبینی ناکرێن (محمد معروف فتاح :١٩٨٦:٦٨) ئیدیەم واتای فەرهەنگی وشە وەردەگریت و بۆ مەبەستێکی تری دەبات (عبدالوهاب خالد موسى:٢٠٠٩:٨) وەك: سك سوتان.

لێرەدا واتای وشەکانی(سك،سوتان) واتای (سك سوتان)مان بۆ روون ناکاتەوە، بەڵکو واتایەکی تر دەدات وەك: منداڵی مرد.هەر بۆیەش دەبێت لە ئاستی پراگماتیکدا واتاکەی لێکبدرێتەوە.

ئیدییەم واتایەکی تایبەتی بێ هاوتا دەبەخشی، زمانەوانەکان بە پێی تاریك و روونی ئیدیەم چەند پلەیەك جیادەکەنەوە وەك:

١- ئیدیەمی تێکچڕاو:

واتای ئەم ئیدیەمە لە ئەنجامی تواندنەوەی واتای کەرتەکانەوە دێت لەژێر کاری مێژووی خەڵك و کەلتوورەکاندایە و کەرتەکانیان شوێن ناگۆڕن و ڕێگەش بە کەرەستەی ترنادەن لەیەکیان بترازێنێت و خۆشیان پاش و پێش کەم دەکەن، کەواتە لەم ئیدیەمە پێشبینی واتا لە کەرتەکانییەوە ناکرێت.وەك: (حازر و بزر و شایی و لۆغان، چنگ لەسەر شان،.....هتد). (محەمەد مەعروف فەتاح:١٩٨٩:١٩٤).

٢- ئیدیەمی لێکدراو:

لە ئیدییەمی لێکدراودا تەنها یەکێك لە کەرتەکانی گۆڕانی واتایی بەسەردا دێت،واتە ئیدیەم لە وشەی بەستراودا یەکێك لە کەرتەکانی گۆڕانی واتایی بەسەردا دێت و کەرتەکەیتر واتا فەرهەنگییەکەی خۆی دەپارێزێت وەك: گۆشتی تاڵە،سەرشۆڕە،گوێی مسی تێکراوە، بۆ نموونە: وشەی (دەموچاو) کە بە واتای (ڕوو) کە واتاکەی لە کەرتەکانییەوە جیادەبنەوە و زیاترە لە واتای دوو کەرتەکە.(محەمەد مەعروف فەتاح:١٩٨٩:١٤٢)

ئیدیۆم گرنگی دەدات بە واتای کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی زمان دەدات،و ئیدییەم لێکسیکۆلۆجی و پراگماتیك بەیەکەوە دەبەستێتەوە،ئەو ئیدیەمانەی کە واتاکانیان لە کەرتە پێکهێنەرەکانیەوە نین وەیا لە واتا ڕێزمانیەوکەوە نین دواتریش ناتواندرێت وەرگێڕانێکی وشە بەوشەی بۆ بکرێت تەنها لەسنووری وشەسازیدا نەبێت،بۆ نموونە: زێڕی ڕەش،زمان درێژ،چاوپیس،سەرخۆر.....هتد.

٢- گەشەی واتایی لە ئیدییەمدا:

گۆڕنی واتایی لەخۆیەوە و بێ بەرنامە ڕوونادات ئەگەر وابوایە کەس لە واتای نوێ نەدەگەیشت، بەڵکو بە پێی یاسایەکی لۆجیکی و دەروونی بەڕێوەدەڕوات.وەك: واتا خواستن،درکە،زیادەڕۆیی،توانج،پۆشین (محەمەد مەعروف فەتاح:٢٠١٠:٢٠٤).

١- خواستن:

دووشت بەیەك دەچوێندرێن ناوی یەکێکیان دەنرێت لە وانیتر و زۆر لە لێکچواندن دەچێت کە ئامرازی لێکچواندنەکەی نەمابێت ئەم لێکچواندنەش لەوانەیە لە ڕووی ئەرکەوە بێت وەك: سەرکار وەك چۆن سەر لەشی ئادەمیزاد بەڕێوەدەبات، و

چەندین خواستنی تر وەك: سەرقاپ،قاچی مێز،دەمی كانی.لە ئیدیمیشدا نموونەی ئەم جۆرە خواستنەمان زۆرە وەك:

- وشكە پیاو: پیاوی پیسكە و رەق.
- نانی كەوتە رۆنەوە: قازانجی كرد.
- مێش میوانی نییە: بێباكە.
- نانی بڕی: لە كارەكەی دەریانكرد.

٢- درکە:

لەم جۆرە خواستنە ئەو دوو شتەی ناودەگۆڕنەوە زۆر نزیكن لەیەكتری كە لەوانەیە پەیوەندی شوێن یا كات یا ئەرك بێت لەوانەشە یەكێك لە شتەكان نیشانەی ئەویتریان بێت وەك: (شارەكە خرۆشا) لێرەدا مەبەست خەڵكی شارەكەیە،لە ئیدیەمدا نموونەی ئەمەمان زۆرە وەك:

- لێوی لێ نەداوە: نەی خواردووە
- ورگی سەرناوە: قەڵەوبووە

٣- زیادەرۆیی:

كە واتاكەی لەگەڵ واقیع یەكناگرتەوە وەك:

- موو بە بەینیان وەناچێت: زۆر نزیكن.
- هەژدەهەژدە قسەدەكات: زۆر زۆر قسەدەكات.
- هەزار تەڵەی بە كلك تەقاندووە.

٤- تەوس:

ئەو دەربڕینانەدەگرێتەوە كە بە توانج گوتراوە واتە راست نییە وەك:

- پاشەڵ جوان.

- دەست بخە دەمی بزانە دەیگەزێت.
- دەستی خێری نایەسەر.

٥- پۆشین:

زۆر دیاردە هەیە پەیوەندی بە جنس و نەخۆشییەوە هەیە و دەپۆشرێت و بەزەقی ناگوترێت وەك:

- دەستیان لێوەشاندووە: شێت بووە.
- دەستیان تێکەڵکردووە: حەزیان لەیەکتر کردووە.
- بازاری گەرمە : بۆ کچ بەکاردێت
- دووگیانە: ئافرەتەکە سك پڕە (محەمەد مەعروف فەتاح:١٩٨٩: ٢٠٠ تا ٢٠٤)

بەشی دووەم

پەرەسەندنی فۆرم و واتای وشە

بەشی دووەم: پەرەسەندنی فۆرم و واتای وشە :

١- ڕێگاکانی ڕۆنانی لێکسیک:

وشە لە زماندا هەر بە سادەیی نامێنیتەوە، بەڵکو وشە سادەکە لە ڕێگای چەند کردەیەك گەشەو گۆڕانی بەسەردا دێت لە ڕووی فۆرمەوە بەم پێیەش کاریگەری دەبێت لەسەر گۆڕانی واتا،ڕێگاکانیش بریتین لە :

أ- دارشتن:

١- دارشتنی ناو :

کە لە شێوەی پێشگر و پاشگر بەرچاودەکەون و بەشداری لە دارشتنی وشەدا دەکەن وەك: هونەر+ مەند = هونەرمەند.

أ- پێشگرەکان:

- نا+ پاك : ناپاك

- پێ ویست.

- رایەخ.

- بەرچنە،بەرکوت

- هاورێ،هاوژین

ب- پاشگرەکان:

وەك:(دار ـ بەند ـ وان ـ ەوان ـ گەر ـ ساز ـ چی ـ کەر ـ مەند ـ زار ـ ێن ـ نیە ـ ێنە ـ ەڵان ـ ار ـ ەر ـ یار ـ مان ـ ندە ـ گەرك ـ کە ـ ەمەنی ـ ەوە ـ ەوا).

ـ دار : بریندار

ـ وان : کاروان

- ەوان: ئاشەوان.

- گەر: ئاسنگەر.

- ساز: ددانساز.
- چی: کەبابچی.
- مەند: هونەمەند.
- کەر: کارەکەر.
- ێن: پشتێن.
- ینە: دۆینە
- ێنە: زەردێنە
- ەوا: نانەوا
- زار : گوڵزار) (نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی: ١٩٨٧ :١٣-١٤)

ئەم پاشگرانەش (ی - ەتی - ێتی - ایەتی) دەچنە سەر ناوی سادە و ناوی داڕێژراوی گوزارەیی پێکدێنن وە واتای ئەسبتراکت دەبەخشن،وەك:

- ی ، جوانی
- ەتی ، برایەتی
- یەتی ، دۆستایەتی

پاشگری (گە - گا - خانە - ستان - دان - ەوان) دەچنە سەر ناوی سادە و ناوی داڕێژراوی لێ پێکدێنن، وە بە شێوەیەکی گشتی شوێن و جێگە پیشان دەدەن:.

- گە ، کارگە
- گا ، دادگا
- ستان ، کوردستان
- دان ، ئاگردان
- ەوار ، شێنەوار

پاشگری (له ، ۆڵه ، ورله ، وگه ، یله ، ۆکه ، چه ، چکه ، ولکه ، یلکه ، ۆڵ ، ەل ، وو ، وك ، و) بەشێوەیەکی گشتی بۆ بـچووك کرنـەوە بـەکاردێت لـە دانەیـەکیان هێندێکیان واتای بکەریش دەبەخشن وەك:

– له : مێروله

– ڵه : گۆزەڵه

– ۆڵه : کیژۆڵه

– ۆ : کوردۆ

ئەم پاشگرانەی لای خوارەوەش دەچنە سەر ئاوەڵناوی سادە و (نـاوی دارێـژراو) ی لێ دروست دەکرێت و هەندێ لەو پاشگرانە ناوی دارێژراوی گوزارەیی دادەرێـژن وەك:

– ی : جوانی،ئازادی

– ه : سەوزە

– ەتی: ئازایەتی (نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی :٢٠٠٠ :٢٢).

٢- دارشتنی ئاوەڵناو:

أ- پێشگرەکان:

– بێ: بێهۆش.

– بە: بەهێز.

– نە: نەخۆش.نەزان

– نا: نارێك.

ب- پاشگرەکان:

– ێ: جیهانی.

– ن: ورگن.

- ین: بەفرین.
- وەر: بەختەوەر.
- دار: ئاگادار.
- یێ: کرمێ.
- انە: منداڵانە.
- ەکی: دەشتەکی.
- انی: ژنانی.
- ناك: غەمناك.
- ە: هاوینە.
- وور: رەنجوور.
- اوی: شاخاوی.
- دار: ناودار.
- باز: فێڵباز.
- انی: نەرمانی.
- ۆ: پیسۆ.
- ۆکە: پیسۆکە.
- ەڵە: نەرمەڵە.
- کەلە: سورکەڵە.
- یلکە:سپیلکە.
- ۆلکە: بەرزۆڵکە.
- اك: رۆناك.
- ۆك: لەرزۆك.

- ەک: نووسەک.

- ار: دیار.

- ا: زانا.

- وو: مردوو.

- ین: بەرین. (**ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٨٧: ٦٥ تا ٧٢**)

٣- دارشتنی ئاوەڵکار:

أ- پێشگر:

- بێ: بێگومان.

- بە: بەگوڕ.

ب- پاشگر:

- ێ: شەوێ.

- انە: ژیرانە.

- ئاسایی: شێر ئاسایی.

- ەکی: شەوەکی.

٤- دارشتنی کار:

کار لە زمانی کوردیدا بە دوو شێوە دادەڕێژرێت:

أ- پێشگر:

- دا: دابەزین.

- را: راگرتن.

- هەڵ: هەڵچوون.

- رۆ: رۆچوون.

- وەر: وەرگێڕان.

- رێ: رێکخستن.

- پێ: پێکەنین.
- تێ: تێگەیشتن.
- لێ: لێدان.

ب- پاشگر:

- ەوە: کردنەوە.
- اندن: سوتاندن.(ئەورەحمانی حاجی مارف؛١٩٨٧:٨١)

ب- داتاشین:

ئەم جۆرە رێبازە بۆ دروستکردنی وشە لە رێگای لێکدانەوە دەبێت، بەلاّم لە ئەنجامی لێکدان هەندێ دەنگ دەسوێ یان گۆڕانکاری بەسەردادێت وەك:

- ماست+ ئاو = ماستاو (دەنگی ئـ) سواوە.
- گا+ ئاسن = گاسن (دەنگی ئـ) سواوە.
- دەست+گیران= دەزگیران (دەنگی ت سواوە و دەنگی (س) گۆڕاوە بۆ (ز).

ج- لێکدان:

لێکدان رێگایەکە بۆ دروستبوونی وشە و زاراوە کە لە ئەنجامی لێکدانی دوو وشە وشەیەکی نوێ دێتە کایەوە، ئەم لێکدانەش بە دوو شێوە ئەنجام دەدرێت هەندێکیان بە مۆرفیمی لێکدەر ئەوانی تر بەبێ ئامرازی لێکدەر ئەنجام دەدرێت وەك :

١- ناوی لێکدراو:

- دەستنوێژ.
- رەشماڵ
- شاهەنگ

- مارماسی
- بەفراو

ئەوەکەی تر بە هەندێ ئامرازی لێکدەر لێکدەدرێت وەك: (ە،و،ەو،او ،ان، بە...هتد) وەك :

- گوڵەباخ
- بانەوبان
- رەنگاورەنگ.
- بەرانبەر (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٨٧:٤١)
- لەرزوتا
- سەر بە گۆبەند. (کامل حەسەن بەصیر: ١٩٧٩:٦٢).

٢- ئاوەڵناوی لێکدراو:

- گەردەن بلوور
- سەرگەرم
- سەرشکاو
- خۆشباوەر
- لێو بە بار.
- گورج و گۆڵ
- دوودڵ

٣- ئاوڵکاری لێکدراو:

ئاوەڵکاری لێکدراو پێکدێت لە دووبارەبوونەوەی فۆرمێك وەك: ناو ئاوەڵناو، ئاوەڵکار ....وەك:

- پۆل پۆل
- دوو دوو

- کەم کەم

هەندێ جا ئەم دووبارە بوونەوانە بە یارمەتی مۆرفیمی لێکدەر دەبێت وەك:

- پشتاوپشت.
- بانەوبان
- پربەدڵ (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٨٧:٩٥)

٤- کاری لێکدراو:

بە یارمەتی ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار دروست دەبێت:

- دەست برین
- سەرشکاندن
- ڕێگاگرتن
- ماستاوکردن
- بڵندکردن.
- نەخۆشکەوتن.
- بەخێوکردن
- تێربوون.
- بڕیاردان. (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٨٧:٩٤)

زۆرجار بە کەرستەی خوازراو بەتایبەت زمانی عەرەبی کاری لێکدراو دروستدەکرێت وەك:

- ناو + کار = زەکاتی دا ، حەفلە دەکەن،ئیفلاسیکرد.
- ئاوەڵناو+ کار = رازیدەکەن،قانیع دەبم،مرەخەس دەبم.(محەمەد مەعروف فەتاح ١٩٩٠:١٤٢).

د- ئاوەڵ واتا:

لە زمانی کوردیدا دەتواندرێت دوو جۆرە واتا جیابکرێتەوە :

١- دروست: بەو واتایە دەگوترێت، کە راستەوخۆ واتا فەرهەنگییەکەی دەدات.

٢- خوازە: بەو واتایە دەگوترێت کە کە راستەخۆ واتاکە نیشان نادات، بەڵکو لەرێگای پەیوەندییەوە لەگەڵ دیاریدەکەی واتا دەدات. بۆ نموونە وشەی (ئاگرنانەوە) دوو واتی هەیە (ئاگرتێبەردان) و (ئاژاوە نانەوە) واتای یەکەم واتایەکی درووستە و واتای دووەم واتایەکی خوازەیە.

ه- زرەرێژ:

لە وشەی زمانی کوردیدا زۆر وشە بەرچاو دەکەون کە لە رێگای زرەرێژەوە دورووست بوینە و لەوانەیە کەسێکی نەشارەزا بە وشەیەکی کوردی بێتە بەر چاو. زرەرێژ بریتییە لە وشانەی کە لەزمانی زمانی بێگانەوە چۆن دورست بوە و دارێژراوە بە هەمان شێوەش لە زمانی کوریدا دورست بووە و دارێژراوە. بۆ نموونە وشەیەکی وەك (Proanoun) و (جێناو) کە وەرگردراوێکی زمانی ئینگلیزییە و لە دوو مۆرفیمی جیا پێکهاتووە (PRO) واتە (جێ) و(NOUN) واتە (ناو). هەروەها وشەیەکی وەك: (شرق شناس یان شرق خاوەر) کە وەرگێردراوە بۆ (رۆژهەلات ناس) ئەمیش لە زمانی فارسی دا لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە (شرق-خاوەر) واتە (رۆژهەڵات) و (شناس) واتە (ناس).بەم جۆرە دەبینین ئەم وشە زرەرێژانە لە کەرەسەی زمانی کوردیدا دورستکراون، بەڵام شێوەی پێکهاتنیان تیشکدانەوەی وشەی بێگانەیان پێوە دیارە.

و- وەرگێران:

بێگومان بەشێکی وشەی هەر زمانێك لە رێگای وەرگێڕانەوە دێتە کایەوە، لە رێبازی وەرگێراندا واتای فەرهەنگی تاکە وشەیەکی زمانە بێگانەکە وەردەگیرێت وەك:

- اخراج : دەرهێنان
- تمثیل: نواندن.
- اجتماع: کۆبۆنەوە
- البنیە التحتیە: ژێخان.
- المظاهرة: خۆپیشاندان.

ز- وەرگرتن:

هەموو زمانەکانی جیهان وشە دێتە ناو زمانەکەیانەوە لە ئەنجامی هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی، بەلآم لەبەر ئەوەی سروشت و تایبەتی هەر زمانێك جیایە لەویتر بۆیە ئەو زمانەی کەوەری دەگرێت دەیخاتە ژێر کاریگەری فۆنۆلۆجی خۆی بۆ نموونە وشەی (قوتابی) لە (الکتتاب) ی عەرەبیەوە وەرگیراوە و بە سێ قۆناغ رۆیشتووە:

١- دەنگی (ك) گۆڕاوە بۆ (ق).

٢- لە دوو (ت) یەکیان فرێدراوە.

٣- واتای کتتابی عەرەبی لە (شاگرد) ی حوجرە بۆ فێرخوازی فێرگە و زانکۆ گۆڕاوە.

- حق: دەنگی (ح) گۆڕاوە بۆ (ه).
- الکتاب: کتێب دەنگی (ێ) زیاد بووە.
- بحث: باس (ا) زیاد بووە و (پ) گۆڕاوە بۆ (س).

- مرؤة: مروەت (ء) سواوە (ة) گۆڕاوە بۆ (ت)
- ذلیل: زەلیل دەنگی (ذ) گۆڕاوە بۆ (ز) و لە بری فەتحە (ە) دانراوە.
- مقص: مقەس دەنگی (ص) گۆڕاوە بۆ (س) لە بری فەتحە (ە) دانراوە.
- وجدان: ویژدان (دەنگی ج بۆتە ژ) . (کامل حەسەن بەصیر: ١٩٧٩:٤٤ تا ٤٦)

ح- کرتاندن و لێکدانەوە:

بۆ نموونە داتاشینی وشەی (زانکۆ) دا کە پێکهاتووە لە کۆکردنەوەی ڕەگی (زانین) کە (زان) لەگەڵ لێکدانی (کۆکردنەوە) و کرتاندنی (کردنەوە) دروست بووە.هەروەها ئەم ڕێگایە لە وشەی (کۆ زمانەوانی) یش بەرچاو دەکەوێت.

گ- ئەکرۆنیم :

ئەکرۆنیم بریتییە لە برگەی یەکەمی یان دەنگی یەکەمی دوو وشە یا زیاتر و خوێندنەوەیان بەیەکەوە یان وەك دەنگی پیتەکان بۆ نموونە (د.خ) بۆ درودی خوای لەسەر بێت.(پ.ن) پێش زاین (محەمەد مەعروف فەتاح:١٩٩٠:١٢٢).

٢- پەرەسەندنی واتای لێکسیك:

ئەم وشانەی کە ئێستا لە زماندا دەیانبین بەم جۆرەی ئێستا نەبووە و بەچەند قۆناغێکدا ڕۆیشتووە لەدایکبوون و پەرەسەندن پەیوەندی دوور و نزیکی بە بنجی وشەکەوە و بڵابوونەوە تاکو مردنی وشە،کەواتە وشە لەسەر بنەمای بەکارهێنانەوە بە درێژایی مێژوو وشە ئاڵوگۆڕی بەسەردادێت لە رووی فۆرم و واتاوە.بۆ ئەم مەبەستەش سێ وشەی وەك: (دەست، دڵ،چاو) وەردەگرین و ئەو گۆڕانکاریانە دەخەینەروو کە بەسەریاندا هاتووە لە رووی فۆرم و واتاوە.

A- دەست:

أ- (دەست) لە وشەی سادە:

ئەم وشەیە هەروەك دەبینین وشەیەكی سادەیە و واتاكەشی ئەندامێكی لەشی مرۆڤە.

ب- دەست لە وشەی دارێژراودا:

١- دەستە: كە وشەیەكی دارێژراوە و چەند واتایەكی هەیە وەك:

- دەستەیەك قەڵەم (واتای ژمارە دوانزە) دەگەیەنێت.

- دەستە جلێكم بۆ بكرە. واتای (قاتێك) دەگەیەنێت.

٢- دەسك : لێرەدا (ت) كرتاوە و دەستی شت دەگەیەنێت نەك دەستی مرۆڤ هەر بۆ جیاكردنەوەش كرتاوە وەك:

- دەسكی دەرگاكە شكا.

٣- دەسكە: كە پێكهاتووە لە (دەست+ەكە) لێرەدا (ت) كرتاوە بۆتە (دەسكە) كە واتای (چەپكێك) دەگەیەنێت كە دیسان واتای ژمارە دەدات وەك :

- دەسكی گوڵم برد بۆ هاورێكەم .

٤- دەزگا: كە پێكهاتووە لە (دەست+گا) بەڵام (ت) كرتاوە و (س) گۆڕاوە بۆ (ز) و بۆتە (دەزگا) كە واتای شوێن دەدات چونكە (گا) پاشگرە و شوێن دروست دەكات.وەك:

- كتێبەكەم لە دەزگای موكریان چاپكراوە.

٥- دەسرۆكە: پێكهاتووە لە دەست+ر+ۆكە كە (ت) سواوە واتای دەسماڵ دەدات.

٦- دەسكەوان: پێكهاتووە لە دەسك+ەوان كە (وان) واتای خاوەنیەتی دەگەیەنێت و لە ئاسن و دار دروست دەكرێت و شتی تیادە دەكوترێت.

٧- دەستوور: پێکهاتووە لە (دەست+ وور) کە ت(وور) پاشگرێکی ناوییە و واتای یاسا دەگەیەنێت.

٨- دەسرازە: پێکهاتووە لە (دەست+رازە) کە لە بێشکەدا منالی پێدەپێچرێتەوە و لەوانەیە (دەست رازاوە) بێت و سوابێت بۆ (دەسترازە)، چونکە بەدەست دروستدەکرێت و دەرازندرێتەوە.

ج- دەست لە وشەی لێکدراودا:

١- دەسمال: پێکهاتووە لە (دەست+مال) و (ت) سواوە ئەو پارچە جلەیە کە ئافرەت بەسەر شانیەوە دەدات.

٢- دەستەسڕ: پێکهاتووە لە (دەست+ە+ سڕ (رەگی سڕین)) کە پارچە قوماشێکە بۆ دەستسڕین بەکاردەهات.

٣- دەزگیران: پێکهاتووە لە (دەست+گیران) کە قۆناغی دوای شەکراو خواردنەوە دەگەیەنێت واتە پێش گواستنەوە.

٤- دەست نووس: پێکهاتووە لە (دەست+ نووس (ڕەگی نووسین)) ئەو نوسینانە دەگرێتەوە کە بە دەست نووسراوە.

٥- دەستەمۆ: پێکهاتووە لە (دەست+مۆ) واتای مالیکردن دەدات بۆ ئاژەل بەکاردێت.وشەی (مۆ) گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە.

٦- دەسخەڕۆ: پێکهاتووە لە (دەست+ خەڕۆ) واتای فێلباز و دەستبڕین دەدات.

٧- دەسنوێژ: پێکهاتووە لە (دەست+ نوێژ) کە (ت) سواوە و ئامادەیی بۆ نوێژکردن دەگەیەنێت.

٨- دەستە خوشك: پێکهاتووە لە (دەست+خوشك) واتە هاورێی کچ دەگەیەنێت.

٩- دەستاڕ: پێکهاتووە لە (دەست+ هاڕ (ڕەگی هاڕین)) کە لەبەر دروستدەکرا بۆ هارینی گەنم و ساوار....هتد و بەدەستی دەیان سوڕاند.

١٠- دەستبار: پێکهاتووە لە (دەست+بار) واتە دەست بە بارەوەگرتن.

١١- دەسکەوت: پێکهاتوە لە (دەست + کەوت) کە واتای قازانج دەدات.

١٢- دەستپێکردن: پێکهاتووە لە (دەست+ پێکردن) واتای دەست هەڵدان دێت.

١٣- دەستگرتن: پێکهاتووە لە (دەست+گرتن) کە واتای هاریکاری و یارمەتی دەدات.

١٤- دەستبەسەر: پێکهاتووە لە (دەست+ بە+سەر) کە واتای ژێر چاودێری و دیلی دەگەیەنێت.

١٥- دەستەبەرە: (دەست+بەرە) بۆ ئەو شتە بەکاردێت کە بە دەست دەبردرێت یان بەدەست هەڵدەگیرێت.

١٦- ئاودەست: پێکهاتووە لە (ئاو+ دەست) کە شوێنی دەست بە ئاو گەیاندنە.

١٧- دەستکرد: پێکهاتووە لە (دەست+ کرد (رەگی کردن)) کە بە شتێك دەوترێت کە بەدەستکرابێت.

١٨- دەسمایە: پێکهاتووە لە (دەست+مایە) ئەوەی لە دەست دەمێنێتەوە واتە سەرمایە یان قازانج.

د- دەست لە جووتە وشەدا:

١- دەستەدەستە: واتە کۆمەڵ کۆمەڵ

٢- دەست و برد. واتە یەکسەر و خێرا.

٣- دەست و دەم: واتە دەست و برد (دەم) لێرە کاتە.

٤- دەستاودەست: واتە دەست و برد یان شتێك کە ئەم دەست و ئەودەستی کردبێت.

٥- دەست و بازوو: واتە دەست و بازوو یان دەست و مەچەك.

٦- دەست و پل: واتە دەست و پەنجە.

٧- دەستە و دایەرە: واتە کەس و شوێن.

٨- دەستە و دامان: واتای دەخالەت دەدات.

٩- دەست و وسان: واتە بێ دەسەڵات و کەم توانا.

١٠- دامودەزگا: واتە فەرمانگە یان شوێنی تر.

١١- دەست و پێوەند: واتە بەردەست،ئیشکەر، کارەکەر.

٥- دەست ئیدیەمدا:

١- دەستپاك: واتە ئەمین

٢- دەستپیس: واتە دز

٣- دەستدرێژ: واتە کەسی خاوەن سامان و دەوڵەمەند.

٤- دەستکورد: واتە هەژار.

٥- بە دەسەڵات: واتە دەست ڕۆیشتوو.

٦- بێ دەسەڵات: واتە دەستکورت و بێ توانا.

٧- دەستەڕۆ: واتە دەست ڕۆیشتوو.

٨- دەستبڕ: واتە فێڵباز و دز.

٩- دەستبڵاو: واتە دەست بە ماڵی خۆیەوە ناگرێت.

١٠- دەستباد: واتە لات و بێکەڵك و پارە و پولی لە دەست ناوەستێت

١١- ژێر دەستە: واتە دەستوپێوەند.

١٢- دەست سپی:

١٣- دەست ڕەش:

١٤- دەست ڕەنگین:

١٥- سەردەستە:

١٦- دەستەپاچە:

١٧- دەستەوئەژنۆ:

١٨- بەدەستی خەڵك مار دەگرێ:

١٩- دەستیان لێوەشاندوە:

٢٠ دەست بۆ ئاڵتوون دەبات دەبێتە خۆڵ:

٢١- سەرت دەتاشی و ئاوێنەشت دەداتە دەست.

٢٢- دەست بەدەمی سەگا دەکات:

٢٣- دەستی نەمەییوە:

٢٤- دەستی ئەوی تێدایە:

٢٥- دەست بەستەیە:

٢٦- دەستنیشانی کردووە:

٢٧- دەست لە بەرۆکی ناکاتەوە:

٢٨- دەستە و ئەژنۆ دانیشتووە:

٢٩- دەستی لێ شوشتووە:

٣٠- دەست و قەڵەمی هەیە:

٣١- بۆی دەست نادات:

٣٢- دەستی خستۆتەسەر دەست:

٣٣- دەست لێبەردان:

٣٤- دەستی گۆج بووە:

٣٥- دەست بەسەرە:

٣٦- هیچی لەدەست نابێتەوە:

٣٧- دەسی لێ هەڵگرتووە:

٣٨- دەستی بەسەردا کێشاوە:

٣٩- بەدەستی ئەنقەست:

٤٠- پەرێشانە بە دەستییەوە:

٤١- خەریکە دەستە چەورەکەی بەسەری منا دەسوێت.

٤٢- شەیتان دەستی لێشتووە:

٤٣- دەستی پێکردەوە:

٤٤- هەر دەستی دەگەزی:

٤٥- دەستی بەسەرداگرتووە:

و- دەست لە پەندی پێشیناندا:

١- سەرێك بە دەستی خۆت نەیخورێنی خورشتی ناشکێت.

٢- دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە.

٣- ئەوەی بە پەیژەدا سەرکەوێت دەبێت لە خوارەوە دەست پێبکات.

٤- فێری رۆیشتن بە ئینجا دەستبکە بە راکردن.

٥- شین و شایی دەستەوایی.

٦- مرۆڤ کە چووە شاری کوێران دەبێت دەست بە چاوی خۆیەوە بگرێت.

٧- گرێی دەستان مەخە ددانان.

٨- چەپلە بە دەستێك لێنادرێت.

٩- دەستێك نەتوانم بیبڕم ماچی دەکەم:

١٠- دەستی بە کڵاوی خۆی گرووە تا با نەیبات.

١١- دوو گندۆرە بە دەستێك هەڵناگیرێت.

١٢- دروونە لە بەری دەست ناکرێت.

١٣- دەست بۆ هەموو کەس درێژ مەکە.

١٤- دەست دەست دەناسێت.

١٥- هەتا لەسەر دەست نەڕۆی قەدری پێ نازانی.

١٦- دەستێکی پێوەنێ:

١٧- دەستێك بێنە بەخۆتا:

١٨- دەستێکم کەوتە ئەودیو دەستەکەی ترم کەوتە ئەو دیو:

١٩– دەستی لێمەدە:

٢٠– بەدەست من نییە:

٢١– دەستم بە هەویرە هەر ئەوەندەم لەبیرە:

٢٢– زماندرێژی دەستکورتە:

٢٣– نایە دەستییەوە:

٢٤– شتێکی وام بە دەستەوەیە:

٢٥– هەر لە دەست و پەنجەی خۆی دێت (نەسرین فەخری:١٩٨٤: ٥٢ تا ٦١).

B- دڵ:

أ- دڵ لە وشەی سادەدا:

– دڵ: ئەندامێکی لەشی مرۆڤە و خوێن دەگوازێتەوە و دابەشی دەکات بە هەموو لەشی مرۆڤ.

ب- دڵ لە وشەی دارێژراودا:

– دڵدار: پێکهاتوو لە (دڵ+ دار) : خۆشەویستی (دار) خاوەنییەتی دەگەیەنێت.

– دڵداری: خۆشەویستی.

– دلاوەر: دلرفێن.

– دلۆڤان: دۆست،خۆشەویست.

ج- دڵ لە وشەی لێکدراودا:

– دڵزار: پێکهاتووە لە (دڵ+ ئازار) واتە: غەمگین

– دلبەر: دڵبردن

– دڵنیا: ئاسوودە.

– دڵشاد: بەکەیف.

– دڵخواز: چۆتە دڵ.

- دڵئارام: سەبر
- دڵارا: دڵگیر.

د- دڵ لە ئیدیەمدا:

- دڵپاك: رق و کینەی لە دڵدانییە.
- دڵپیس: بەگومان.
- دڵنەرم: بەبەزەیی.
- دڵ رەق: دڵ قایم.
- دڵناسك: هەست ناسك.
- دڵگیر: دوو واتای دژی هەیە: غەمگین، دلفڕێن.
- دڵ تەنگ: غەمگین.
- دڵ خۆش: کەیفخۆش.
- دڵبەند: دڵ پێوەبوون.
- دڵ تەڕ: کەیفخۆش.
- دڵپر: دڵپربوون لە قین و داخ و خواردن.
- دوو دڵ: بە گومان.
- دڵ سارد: بەدڵ نەبوون.
- دڵ گەرم: دژی دڵ ساردە.
- دڵ ڕەش: دڵپیس،دڵ رەق.
- دڵڕوون: دڵخۆش.
- دڵگران: دڵفراوان.
- دڵڕاگرتن: دڵنەشکاندن.
- دڵبردن: تێکچوونی دڵ.
- دڵمردوو: حەز لە شتی جوان ناکات: خەمۆك.

- دڵڕەنجاو: دڵشکاو.
- دڵە لەرزێ: دڵە کوتە.
- دڵ تێکەڵهاتن: دڵ تێکچوون بەهۆی خواردن و خواردنەوە.
- دڵخاوبوونەوە: سستبوون.
- دڵپێداچوون: دڵپێوەبوون: چوونە دڵ.
- دڵ بەخۆ سووتان: دڵ لە خۆدامان: بەزەیی بەخۆ هاتنەوە.
- دڵ لەخۆچوون: بێ هۆشبوون.
- دڵ ئازاردان: دڵڕەنجاندن،دڵشکاندن،دڵبریندارکردن....
- دڵکرمن: دڵپیس.
- دڵە ڕاوکێ: دوودڵی.
- دڵێدان: ئارەزووکردن بۆ شتێك.
- دڵکرانەوە: دڵخۆشبوون.
- دڵسووتان: بەزەیی هاتنەوە.
- دڵسوتاو: جگەر سوتاو.
- دڵشکاو: دڵڕەنجاو.
- دڵ ئاوخواردنەوە: دڵنیابوون.
- دڵخۆشبوون: شادمانبوون.
- دڵ دانەوە: دڵخۆشیکردن.
- دڵ وەستان: دڵ لە کار کەوتن.
- دڵ کەوتنە خوارەوە: خورپەی دڵ.
- دڵە تەپێ: دڵە خورپە.(نەسرین فەخری:١٩٨٥: ١٨٠ تا ١٨٤).

ه- دڵ لە پەندی پێشینانداا:

- دڵ ئاوێنەی دڵە.

- سەرکزی دڵ وریا:

- دڵ شوشەیە کە شکا چاگ نابێتەوە.

C- چاو:

أ- چاو لە وشەی سادەدا:

- چاو: دیدە

ب- چاو لە وشەی دارێژراودا:

- چاویلکە: عەینەك

ج- چاو لە وشەی لێکدراودا:

- سەرچاوە : کانگە

- ناوچەوان: نێوان دوو چاوان

- چاوەروان: ئینتیزار.

- چاووزار: ناوی دوعایەکە بۆ خۆپارستن لە چاوی حەسوود لە مل دەکرێت.

- چاوێر: سەرپەرشتکەر.

د- چاو لە جووتە وشەدا:

- دەموچاو: روخسار.

- چرۆچاو: روخسار بۆ رق و کینە بەکاردێت.

ه- چاو لە چاوگی لێکدراودا:

- چاونوقاندن: چاوقوچاندن.

- چاولێکنان: نوستن یان مردن.

- چاولێخشاندن: سەرپێی سەیرکردن.

و- چاو لە ئیدیەمدا:

- چاوپیس: حەسوود
- چاوتیژ: وردبین.
- چاوکز: کەم بین.
- چاوبرسی: چاوچنۆك.
- چاوتێر: دەست بڵاو
- چاوحیز: چاوشۆڕ.
- چاوباز: چاولەدەر
- چاوقایم: بێ چاوڕوو
- چاومار: چاوجوان.
- چاوکراوە: شارەزا و زیرەك.
- چاولێداگرتن: قسەکردن بەچاو.
- چاولێپۆشین: لێبووردن.
- چاهەڵتەکاندن: چاوباز.
- چاوچاوی نابینێت: تاریك.
- بە تیلی چاو سەیریکرد.
- چاوی لێ مۆڕکردەوە: بەتوورەیی سەیریکرد.
- چاوی پەریوەتە تەوقی سەری: زۆر توورەیە.
- کل لە چاو دەدزێت: دزێکی بێ هاوتایە.
- بەچاوەوەبووە: چاوی حەسوود لێیداوە.
- چاوی تێبریووە: بەتەمای ئەو کەسەیە.
- چاوی کولە: چاوی نەخۆشە.
- چاوی تاریکبووە: کزبووە.

- چاوی لێسوورکردەوە: لێی تووڕەبوو.
- چاو لە دەر: سەیری ئافرەتی تر دەکات.
- ئاگر لە چاوی دەباری: تووڕەیە.
- چاو بە چاو دەکەوێتەوە: دواتر هەرکارتان بەیەك دەبێت.
- هیچی لەبەر چاو نییە: بێ وەفایە.
- چاوی عەرز نابینێت: تووڕەیە.
- لەبەر چاوم کەوت: خۆشەویستی جارانی نەما.
- بەرچاوی تەنگە: ڕەزیلە.
- دەچیتە ناو چاوەوە: ڕووی قایمە.
- پەنجە دەکات بە چاوتا: ڕووقایمە.
- چاوی چووە بە قولا: زۆر زەعیفە.
- چاوی کوێرە لە عاستی ئێمە: بێ وەفایە.
- چاوی لە خوێنا سوورە: شەڕانییە.
- چاوی ئەبلەق بوو: بووراوەتەوە یان ماندووە.
- خوێن بەرچاوی گرتووە: زۆر تووڕە و پەستە.
- بەرچاوی تەنگە: ڕەزیلە.
- چاوی ڕێشکە و پێشکە دەکات: چاوی کەم حوکم بووە.
- ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە: لە بنچینەدا باش نییە.
- چەمی درۆ سەرچاوەی نزیکە: درۆ زوو ئاشکرا دەبێت.
- چوویتە شاری کوێران دەست بەچاوی خۆتەوە بگرە: واتە ئارەزووی دەوروبەرەکەت هەڵسوکەوت بکە. (نەسرین فەخری:١٩٨٤: ٢٩ تا ٣٦)

بەشی سێیەم
گۆڕانی واتای وشە

بەشی سێیەم: گۆڕانی واتای وشە

١- سەرەتا:

گەشەو گۆرانی واتا پەیوەندی بە سیمالۆجی Semasiology و واتاسازی مێژوییەوە Historical semantics کە سەرتا لای ئەڵمانەکان لە ١٨٠٠ز دەستی پێکرد و دواتر گواستراوە بۆ زانایە کۆمەڵناسە فەرەنسییەکان (عبدالقادر عبدالجليل ٢٠٠٦: ٣٢٧) لەم سەردەمەوە هەوڵدرا لە گۆرانی واتای وشەکان بکۆڵدرێتەوە و لەسەر بنچینەیەکی لۆجیکی پۆلێنیان بکەین، چونکە گرنگترین دیاردە کەزمانەوانەکانی سەرقاڵ کردبوو گۆرانی واتا و هۆکارەکان و ئەو بنەمایانە بوون کە باس لە هاتنەکایە و مردنی وشە دەکەن.(cohen) کۆهێن لە کتابەکەی (The diversty of meaning) دەپرسێ ئایا واتا دەگۆرێ ؟ بۆ ئەمە وەڵام دەداتەوە ودەڵێت:هەمان ووشە لەبەر گۆرانی زمان بەپێ کات مانایەکی تر وەردەگرێ و بیرێکی تر روون دەکاتەوە جا بۆیە مەبەستمان لەگۆرانی واتا گۆرانی واتای ووشەکانە (احمد مختار عمر ١٩٨٢: ٢٣٥).

ئاشکرایە کە زمان دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتییە لەباوەشی کۆمەڵگا دەژی و هەر پێشکەوتنێك لە کۆمەڵگا روویدات لەزمانیش رەنگدەداتەوە(رمضان عبدالتواب ١٩٨٢: ٥) باشترین بەڵگەش لەزمانی کوردیدا گۆڕانی زمانە لەدوای ڕاپەرین.ئەم گۆڕانەش بێ ئارەزووە و لە توانای کەسدانیە رای بگرێت و هەموو ئاستەکانی زمان لە دەنگ و وشە و ڕستە و واتا دەگرێتەوە،(ستيفن اولمان:١٩٧٥: ١٥٦) ئاشکرایە کە گرنگترین گۆڕان لە ئاستی واتادا دەبێت، لەم بارەیەوە ئۆڵمان دەڵێت: واتا بریتیە لەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەی کە لە نێوان ووشە وماناکەیدا هەیە بەم پێیە هەر گۆڕانێك لەو پەیوەندیەدا روویدات ئەوا بە گۆڕانی واتایی لە قەڵەم دەدرێ (ستيفن اولمان: ١٩٨٦: ١٦٩).گۆڕان لە واتا بە دوو شێوە دەبێت: کاتێ کە واتایەکی نوێ بە وشەیەکی

کۆن دەدرێ، کاتێ کە وشەیەکی نوێ بە وشەیەکی کۆن دەدرێت.(ستیفن اولمان ١٩٧٥:١٥٦).

٢- تیۆرەکانی گۆڕان:

بۆ لێکدانەوەی گۆڕانی زمان بۆچوونی جیاجیا هاتۆتە ئاراوە گرنگترین ئەم تیۆرانەش بریتین لە:

أ- تیۆری سووککردنی ئەرك:

قسەکەری هەرزمانێ هەوڵدەدات کورترین دەربڕین و کەمترین کات بەرامبەرەکەی خۆی تێ بگەیەنێت، ئەمیش لەو ئارەزووەی مرۆڤەوە هاتووە بۆ ئاسانکردنی دەربڕین (ابراهیم انیس:١٩٧٥:٦٧) و سوککردنی ئەو ئەرکەی کە دەکەوێتە سەرماسولکە و ئەندامانی ئاخاوتن ،بەم پێیە هەموو ئەوگۆرانانەی کە لە زماندا روودەدات وەك: توانەوە و کرتاندن و جیابوونەوە و جێگۆرکێ و لەناوچوونی ئامراز و گۆڕان لە ڕێزبوونی کەرەسەی رستە و بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی واتا....هتد.هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی دەربڕین و ئەو هێشوە دەنگانە کەرتدەکەن لەم دەنگانەش رزگارمان دەکات کە قورسن و بە ئاسانی بۆمان گۆناکرێت، هەندێ لە زمانەوانان ئەم بیردۆزەیان پەسەند کردووە وەك (ویتنی) بە بەڵگەی ئەوەی،زمانەکانی ئێستا لەهی پێشووتر ئاسانترە.هەندێ گۆران بە پێ ی ئەم بیردۆزە چاك لێکدەدرێتەوە (محمد معروف فتاح:١٩٩٠:١٢٥).

ب- تیۆری چینکاری:

بە پێی ئەم بیردۆزە زمان لە شێوەی پێکهاتنی دا وەك زەمین وایە (چین لەسەر چین) دروست بووە،واتە زمانێك کەلەناوچەیەك بلاودەبێتەوە وەك خۆی نامێنێت وکاری تێ دەکرێت لە لایەن ئەو زمانەی کەلەپێش ئەودا لە ناوچەکەدا هەبووە.بۆ نموونە: زمانی (رۆمانی) کە لە فەرەنسای کۆن دا بلاوبۆەوە کەوتە ژێر کاریگەری

زمانی(کێڵتی) کە پێشتر لەناوچەکەدا بووە. هەروەها بەپێ ئەم بیردۆزە زمان لە ڕووی دەنگ و وشەوە، کار لەیەك دەکەن ئەمەش ڕەخنەی لێ گیرا، چونکە زمانی ئینگلیزی لە ئەمەریکا هیچ کاریگەرییەکی نەکرا سەر لە لایەن ئەو خەڵکانەی کە بە بە زمانەکانی ئەڵمانی،فرنسی،مەجەری قسەیان دەکرد لە ئەمریکا (عبداللە عزیز محمد :١٤:١٩٩٠).

ج- تێوری مارتنێت:

بەباوەڕی زمانەوانی فرنسی (مارتنێت) هەموو زمانێك لەگەڵ پەیدا بونیا هۆکاری گۆرانی لەگەڵدایە، چونکە هەموویان ئەو ئارەزووەیان تێدایە کە ئاسان بن وئەرکێکی زۆر نەخەنەسەر ئەو کەسانەی کە قسەیان پێدەکەن و بەکاریان دێنن، جا لەبەر ئەوەی زمانیش ناوێزەییەکی زۆری تێدایە، ئەم دیاردە ناوێزانەش تارادەیەك زمانیان لاسەنگ کردووە قسەکەران هەمیشە بەدوای هێنانەوەی هاوسەنگیەوە وێڵن و هەموو ئەو گۆرانانەی دێتە کایەوە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێ، بێ گومان ئەم ئامانجەی قسەکەرانیش هەرگیز نایەتەدی، چونکە هێنانەوەی هاوسەنگ لەلایەك دەبێتە هۆی لاسەنگی لەلایەکی تری زمانەکە، بەم جۆرە کێشە کە بەردەوام دەبێت وزمان وگۆران شان بەشانی یەکتردەڕۆن، تەنیا کاتێ زمان لە گۆڕان دەکەوێت کە لە ناو بچێت (محمد معروف فتاح :١٢٤:١٩٩٠).

د- تیۆری ڕووداوی مێژوویی کۆمەڵایەتی:

هەندێ لە زمانەوانان گۆڕان دەدەنە پاڵ ڕووداوی مێژوویی وکۆمەڵایەتی وەك شەڕوشۆڕ و جەنگی بەربلاو و داگیرکردن و برسیەتی ونەخۆشی و کۆچ و باری نائاسایی ونوێکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی وولات، ئاشکرایە کەهەریەکێ لەم دیاردانە دەبێتە هۆی گۆڕانی زمان، بەڵام دیسان ئەم دیاردەیە هەموو گۆڕانێکمان بۆ لێکنادەنەوە (محمد معروف فتاح :١٢٤:١٩٩٠).

هـ- تیۆری زمانی دایك:

بە پێی ئەم بۆچوونە گۆڕانی زمان دەگەڕێتەوە بۆ کاری دوو زمان یان زیاتر لەسەر یەکتری، ئەوانەی فێری زمانی بێگانە دەبن ئاسایی بەر لەمەش زمانی دایکی خۆیان دەزانن، ئینجا یان زمانی دووەم بەتەواوی فێرنابن یان زمانەکەی خۆیان دەگۆڕێ، لە هەردوو باردا زمان گۆڕان دێتەکایەوە وەك ئەوەی ئەوگۆڕانەی بەسەر ئینگلیزیدا هاتووە لە هیندستان (محمد معروف فتاح :124: 1990).

٢- هۆیەکانی گۆڕانی واتا:

گومانی تێدانییە کە زمان بە تێپەربوونی کات دەگۆڕێت،ئەم گۆڕانەش هەمووزمانەکان دەگرێتەوە پابەندی یاسا گشتییەکانی گەشە و گۆڕانن (جوزج فندریس :1950:246) بۆ دیاردەی گۆڕانی واتا دووهۆ کاری سەرەکی هەن:

أ- بەمەبەست داهێنان Innovation :

ئەم جۆرە گۆڕانە دەگرێتەوە کە بە ئاگاییەوە ئەنجام دەدرێت لە دوو ڕێگاوە:

١- ئارەزوومەندان و شارەزایانی بواری ئەدەب بۆ کاریگەریکردنە سەر خوێنەر بەکاریدێن (احمد مختار عمر:1982:242).

٢- یان کۆڕ و کۆمەڵە و دەستە زمانەوانییەکان ئەنجامیدەدەن کاتێك وشەیەك یا زاراوەیەك دادەڕێژن یان واتایەکی نوێ بە وشەیەکی کۆن دەبەخشن، ئەم جۆرە هۆکارە کاریگەرییەکی سنووورداری هەیە و زۆر جێگای بایەخ نیە (رمضان عبدالتواب :1983:111).داهێنانەکانی زمان زۆرن کە واتا دەگۆڕین و گشت ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە بۆ نموونە مەحوی لەم دێرە شیعرەدا وشەی (ڕۆیاندن) ی بەکارهێناوە کە بەمانای بە (ڕۆیشتن)دێ ، کە داڕشتنەکی نوێیە (تافگە عمر حمە صالح:2009:74):

(مەحوی)! بە(موتوا) وە کە لە مردن ببێ نەجات

ڕۆیاندنت لە پێشە، لە پێشا وەرە بڕۆ.

هەروەها لە دارشتنی وشەی (دڵستان) دا مەحوی دەڵێت:

لە روخساری لەتیفی: گوڵ، لە جەعدی عەنبەرینی دڵ.

دەجۆشێت و دەبارێ، ئەو گولستان، ئەم دڵستان.

شاعیر لەم دێرە شیعرەش وشەی نوێی دارشتووە (دڵ) و پاشگری شوێن (ستان)ی لێکداوە و بووە بە (دڵستان). وێنەیەکی ڕوونبێژی لەسەر بنەمای (خواستن) دروست کردووە:

لێ خواستراو: گوڵ.

بۆ خواستراو: یار (دەرنەکەوتووە).

نیشانەی خواستن (روخساری لەتیف) واتە دەم وچاو ی جوان (تافگە عمر حمەصالح ٢٠٠٩:٧٥).

داهێنانەکان ئاستی ڕستەسازیش دەگرنەوە کە لە ئەنجامی پاش و پێشکردن و هەڵژاردنی وشە و دەربڕینی ناراستەوخۆ ....هتد ئەنجام دەدرێت وەك:

١- خزمەکانت بێش تۆ دەمرن.

٢- تەمەنی تۆ لە خزمەکانت درێژتر دەبێت.

هەردوو ڕستەکەی سەرەوە هەمان واتا دەدات، بەڵام گوێگر ڕستەی دووەمی پێخۆشترە.یان ڕستەیەکی وەك:

- چایەکەت سارد بوەوە.

ئەم ڕستەیە لە ڕاستیدا ڕستەیەکی فەرماندانە، بەڵام بە لەشێوەی هەواڵدان دەگوترێت ئەمە بە داهێنان دادەنرێت، چونکە فەرمانکردن بە میوان کاریگەری دەروونی خراپ دروست دەکات، بەڵام هەواڵدان ئەم کاریگەرییەی نییە.

ب- بێمەبەست:

ئەم هۆكارانە دەگرێتەوە كە نەخوازراو و بێمەبەست و بێویستن و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا و لە توانای كەسیشدا نییە بیوەستێنێت، هەروەك زمانەوانی فرەنسی (میلێت Meillet) ئاماژەی بۆ دەكات سێ هۆكاری سەرەكین، كە بریتین لە (زمانی و مێژووی و كۆمەڵایەتی) (احمد مختار عمر:١٩٨٢:٢٢٧)، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هۆكاری تر هەن لەمانەش:

١- هۆكاری زمانی:

ئەو گۆڕانكارییە كە خودی زمانەكە خۆی تیادا بەر پرسیارە ئەمەش لەوەوە هاتووە زمان بەرە و ئاسانبوون هەنگاو دەنێت كە هەموو ئاستەكان دەگرێتەوە:

أ- ئاستی دەنگسازی:

هۆكاری گۆڕانی دەنگ لە ووشەكانی زمان دا دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی مرۆڤ كە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات كە لە دەربڕینی ووشەكان دا ئەركی ئەندامانی ئاخاوتن (سووك) و كەم بكاتەوە (محمد معروف فتاح :١٩٩٠:١٢٥).بێ گومان هەر ووشەیەك دەنگێكی لێ بسوێت وشەیەكی تری لێ دروست دەبێت و واتایەكی نوێ دەدات دەبێتە(هاوبێژ) وەك:(ددان) سوانی فۆنیمی(د) وادەكات ببێتە (دان) یان سوانی لە وشەی (سەد) وادەكات ببێتە (سە) كە واتای (سەگ) دەدات .جێگۆڕكێ و دەنگ گۆركێش بەهەمان شێوە دەبێتە گۆڕانی واتای لاوەكی، وەك ئەم شوێن گۆڕینەی لە نێوان (تەرزە) و (تەزرە) دا هەیە واتایەكی تری پێبەخشیوە، كە واتای شێوازییە.كە (تەرزە) لە شێوەزاری سلێمانی دەگەیەنێت و(تەزرە)ش شێوەزاری هەولێر.دیسان دەنگۆڕكێی (وو) بە (ۆ) لە وشەی (سۆر) بۆ(سوور) واتای شێوازی گۆڕیوە،كە (سۆر) لە شێوە زاری هەولێر بەكاردێت و(سوور) یش لە شێوەزاری سلێمانی.هێز و ئاواز و خێرایی قسەكردن هۆكارێكن بۆ گۆڕانی واتا.

لێکچوونی وشـه لـه ڕووی گۆکردنـەوه وادەکـات واتـا لەیـەك وەربگـرن ئەمـەش دەبێتـەهۆی ئـەوەی کـه کەسـانی ناپـسپۆڕ لێکدانـەوەی میللـی و شـیکرنەوەی ناراستی بۆ بکەن (سالم سلیمان خماش:١٤٢٨: ٨١).بۆ نموونـه (کـەر) ڕەگـی کـاری کـردن و پەیوەنـدی نییـه بـه (کـەر) ی (گوێدرێـژ) تـەنها لەبـەر ئـەوەی هاوبێـژن دەبیـنین واتاکەیان بۆ گواستۆتەوە بۆیـەش هـەوڵی گـۆرینی دەدەن گـۆڕانی (یاریکـەر) بـۆ (یاریزان) لەبەر تەنینەوەی دەنگی بوو ئەگەر نا دوو وشەکه له بنچینەدا جیاوازن. دیسان پاشـگری تـری وەك (دان) کـه پاشـگری شـوێنه، بـەڵام بـەواتای (دان) ی چاوگی (پێدان) لێکدراوەتەوه یان پاشگری (گا) کـه دیـسان لەگـەڵ شـوێن دێـت، بەڵام به (گا) ی ئاژەڵ لێکدراوەتەوه،...هتد.

ب- ئاستی ڕێزمان :

ئاشکرایه که ڕێزمان بریتیه له له (وشه سازی و ڕستەسازی) :

١- ئاستی وشەسازی:

دارشتن ولێکدانی وشه کارله گۆڕانی واتادەکـات و هـەرگۆڕانێك لـه فـۆڕم دەبێتـه گـۆڕانی واتـا.وەك:سـارد+ ی = سـاردی کـه هـەموو سـاردەمەنیيه گازییـەکان دەگرێتـەوه. یـان بـان+گێـڕ= بـانگێڕ کـه ئـەو ئامێرەیـه کـه سـەرخانووی پێدەپەستنەوه.

٢- ئاستی ڕستەسازی:

بەکارهێنانی وشه لەناو ڕسته و ڕیزکردنی کەرەستەکان دەبێته هۆی گۆڕانی واتا وەك:

أ- لێدانێکی (باش)م لێدا.

ب- ئیشەکەم بۆ(باش)کرد.

باش له هـەردوو ڕسـتەدا واتایـان جیاوازه،لـه ڕسـتەی (أ) بـه واتـای (زۆر) وەیـا (خراپ) هاتووه وەك:

– لێدانێکی خراپم لێدا.

کە هەر هەمان واتای رستەی (أ) دەگەیەنێت و لە رستەی (ب)دا بە واتای (چاك یا تەواوکردن) دێت.

لادانی بەرکار هۆکارێکی ترە بۆ گۆڕینی واتا لە رستەدا ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە قسەکەر کەمترین کەرەسە و ووزە بەکاربێنێت و شتی زیاد نەڵێت (عبدالواحد دزەیی و ابراهیم عزیز ،٢٠٠٦: ٨٤٢). بۆ نموونە:

أ– تاقیکردنەوەکەت کرد؟

ب– ئا کردم.

بەرکار لە رستەی دووەم لادراوە، کە وەڵامی رستەی یەکەمە، بەڵام ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، چونکە لەوانەیە گوێگر بیری بۆشتی تر بچێت و بەمەبەستی تر لێکی بداتەوە،لەگەڵ ئەوەشدا گوێگر لەمەبەستی قسەکەر دەگات مەبەستی چییە و چیکردووە.

ج– دەوروبەری ئاخاوتن:

دەوروبەر باشترین ڕێگایە بۆ تێگەیشتن و واتای کتومت ی ووشە، چونکە بەکارهێنانی وشە لە دەوروبەری جیاوازدا هۆیەکە بۆ گۆڕانی واتاکەی، بۆ نموونە ووشەی (دەرچوون) لای قوتابی واتای (سەرکەوتن) لە وانەکانی دەگەیەنێت، لای شوفێرێك واتای (ڕۆیشتن) دەگەیەنێت.وشە وە یا رستە کاتێ بە دەوروبەر ببەستینەوە ئەوا وشەکان واتای فەرهەنگی خۆیان وون دەکەن و بەپێی دەوروبەر واتای نوێی خۆیان وەردەگرن.(عبدالله عزیز محمد ،١٩٩٠: ٦٥) بۆ نموونە وشەی (باش) ئاوەڵناوە و پێوانەیە بۆ کەس و شت، بەڵام لەگەڵ گۆڕینی دەوروبەرەکی واتاکەی دەگۆڕێت: قوتابیەکی باشە. واتە زیرەکە، یان پارەیەکی (باش) ی لە بانکدا هەیە.واتە پارەیەکی (زۆر) ی لە بانکدا هەیە.

هـ- لادانی زمانی:

هەندێ جار ئاخێوەران وشەیەك بە وشەیەکی تر دەگۆڕنەوە کە لـە رووی واتـاوە لەیەك نزیکبن و لەلایەن کۆمەڵیشەوە بە ئاسانی پەسـند دەکرێـت، ئـەوا دەچـێتە خانەی خـوازە هەنـدێ جـاریش لادان لـە ئـەنجامی تەمومـژی و خـراپ تێگەیـشتن دەبێت، کە زمانـەوانان هەڵیدەسـەنگێنن و راسـتی دەکەنـەوە زۆر جـاریش رەتـی دەکەنەوە هەرچەندە کۆمـەڵیش پەسـەندی کـردووە،وەك ئـەوەی منـاڵ کـۆتر بـە کێشکە یا رەشۆڵە بە قەلەرەش ناوببات (احمد مختـار عمـر:١٩٨٢:٢٤٠). هەرچـەندە لادان بەهێز تر بۆ ئەوا کاریگەری بەهێز تر دەبێ.(مازن الوعر :١٩٩٤:١٥٨) لادانی واتایی بەزۆری لە هونەرەکانی رەوانبێژی وەك لێکچواندن و خوازە و خواستن و درکە.. هتد. کـە لادانە لە یاسای زمان (جان کوهین :١٩٨٦:٦٦) بـۆ نموونـە لێکـچواندنی (یـار) بـە (گـوڵ) هەستی بەهێزی کەسەکە دەگەیـەنێت و واتایـەکی زیـادەی خـستۆتە سـەر واتـای (گوڵ).

زۆرجار لادانەکان لە رێگای زیادەرۆییەوە Hyperbole دەکرێت، زیادەرۆیی بریتییە لە چرکردنەوە و خستنە سەر،ئەمەش دەوەستێتە سەر توانای دارشـتن و خێرایـی جولانەوە لـە نێـوان فـۆرم و واتـادا لەگـەڵ هاوسـەنگی و هاوتـەریبی نێـوان یەکـە زمانییەکان.زیادەرۆیی بریتییە لە بەخشینی پلەیەکی بـەرز بـۆ گـوێگرتن هـەروەك شێخ رەزا دەڵێت:

بە تەحریکی تەلێکی سەد هەزار نەفسی بە کوشتن دا،

رەئیسی حیلەکارانە شای قومارباز انە،ئەم ریشە

ئەم دێرە زیادەڕۆییـەکی زۆری تێدایە،چـونکە بـە جووڵانـەوەی تەڵەریـشێك چـۆن سەد هەزار کەس بە کوشتن دەچێ؟ (عبدالواحدمشیردزەیی(لادانی واتایی...):٢٠٠٧:٤٧).

زیـادەڕۆیی دوو کاریگـەری هەیـە یـان کەسـەکە بریـنـدار دەکات،یـان بـەرزی دەکاتەوە.(عبدالقادر عبدالجلیل:٢٠٠٦:٢٥٦).هەروەك لە هەجوو و پیاهەڵداندا بەدیدەکرێت

هەروەك شێخ رەزا (عبدالواحد مشیر دزەیی ٢٠٠٧:١٣٧) دەڵێت: (مەعروف) کە حیزی وەك ئەو نەبوو لە نەسلی ئادەم.

ئازاری............ راکشـــا لەســەر دەم.

مردم ..ئەوەندە....خۆم کوشت... پـــیادەم.

یان لە هەندێ دەربڕینی وەك:سووتام لە گەرمان.یان خنکام لە تێنان.کە روویان نەداوە،بەڵام زێدەڕۆیی تیاکراوە لە گوتنەکە.(فتاح مامە علی:٢٠٠٧:١١).

٢- هۆکاری کۆمەڵایەتی:

بایەخ دان بەکۆمەڵ پاش بڵاوبونەوەی بیروراکانی قوتابخانەی(دورکایم)ی کۆمەڵایەتی بڵاوبۆوە، دیارە ئەویش لەبەرئەوەیە زمان کەرەسەیەکی گرنگی لە یەك گەیشتنە لە کۆمەڵدا و هەر گۆڕانێك لەژیاندا رووبدات لە زمانەکەدا رەنگ دەداتەوە (عبدالله عزیز محمد:١٩٩٠:٦٥).هۆکاری کۆمەڵایەتی بە سێ شێوە دێتە کایەوە:

١- گەشەی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەم هۆکارانەی کە واتا دەگوازێتەوە لە شتی بەرجەستەوە بۆ ئەبستراك ئەمیش لە ئەنجامی پێشکەوتنی ئەقڵی مرۆڤ. بۆ نموونە (زاخاودان) تەنها لە بواری زەڕەنگەری ومسگەری بەکاردەهات لە ئەنجامی ئەوەی، مرۆڤ هەستی بە پاککردنەوەی مێشکی کرد بەهۆی بینینی چەند دیمەنێکی خۆش وسەرنج راکێشەوە گۆڕا بۆ (بۆزاخاوی مێشك) (عبدالله عزیز محمد :١٩٩٠:٦٦) .بەهەمان شێوە لە پاککردنەوە لە پاککردنەوەی ماڵ و قاپ و شتی تر ئێستا بۆ پاکردنەوەی دڵ و دەروون بەکاردێت.

٢- لە رێگای رێکەوتنی کۆمەڵێك کەس کە خاوەن بیرورایەکی جیاوازن لە کەسانی تر ئەمەش وادەکات زمانێکی نوێی تایبەت Jargon بێتە کایەوە.وەك گواستنەوەی ناوی گۆرانیبێژ و هونەرمەند و ناودارەکان بۆ ئۆتۆمۆبیلەکان لە لایەن چەند

کەسانێك کە لە پێشەنگاکانی ئۆتۆمۆبیل کاردەکەن،وەك ناوی:(لەیلاعلوی،مۆنیکا، وەنەوشە و ....هتد) کە گوایا پەیوەندی جوانی لە نێوانیاندا هەیە.

٣- بەکارهێنانی وشە کۆنانەکان بەواتایەکی نویێ بۆ ئەو شت و کەلوپەلانەی کە هەستکراوە بە هەمان ئەرك هەڵدەسێت، هەرچەندە لە شێوە و قەبارە گۆڕاوە (احمد مختار عمر:١٩٨٢:٢٢٨).وەك: وشەی(مەکۆ) کە پێشتر جۆلاکان ئەم ووشەیان لە بواری رستن و چنین بەکاردەهێناو بە دەستیانەوە دەگرت بۆ چنینی (بەرماڵ، جاجم...هتد)، بەلام ئێستا هەمان وشەی(مەکۆ) لە دروومان بەکاردە هێنن کە زۆر جیاوازە لە مەکۆ کۆنەکەی پێشوو (عبدالله عزیز محمد:١٩٩٠:٦٧).

٣- هۆکاری ئابووری:

بەرەوپێش چوونی باری ئابوری و رەنگدانەوەی لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا وا لە قسەکەرانی زمان دەکات بۆ خۆگونجاندن،لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەی باری کۆمەلایەتی،دووریگا بەکاربێنن:

ا- زیندووکردنەوەی ووشە کۆنەکانی زمان و بەکارهێنانیان بۆ ناونانی دیاردە نوێیەکان لەگەڵ ئەوەشدا کەبابەتەکەی گۆڕاوە.وەك:قەیناغ و داس و شەنە و....کە پێشتر لە بواری دروێنەکردن بەکار دەهات ئێستا ئەم ناوانەیان لە ئامێری دروێنەکردن نوێکراوەتەوە.

ب- دروستکردنی ووشەی نویێ ئەمیش بە دووریگا دروست دەبێت :

١- وەگرتنی راستەوخۆ لە زمانی بێگانەوە (رادیۆ،تەسجیل،سیدی،کۆمپیوتەر، دیڤیدی،رام،هارد، فلاش،میمۆری...هتد).

٢- دارشتن:لەئە نجامی بەرهەمی تاکەکەسێك بێت یان لە ڕێگای کۆرە زمانیەکانەوە بێت (کۆزمانەوانی،زانکۆ،گشتاندن،شیردەر،...هتد).

٤- هۆکاری دەروونی:

ڕەنگدانەوەی باری دەروونی کەس و کۆمەڵگا نیشاندەدات کە چوار شێوەی هەیە (سالم سلیمان خماش:١٤٢٨: ٧٢):

أ- تابۆبوون:

زمان هەندێ وشە لە بەکارهێنان قەدەغە دەکات لەبەر ڕەنگدانەوەی ئەو واتایە خراپەی کە هەیەتی یان لەبەر ئەو واتا روون و ئاشکرایەی کە لە زمانەوانیدا پێیان دەوترێت (تابۆ)،کە شێوازێکی تری دەربڕینە (احمد مختار عمر:١٩٨٢:٢٤٠) کە زیاتر کردە سێسییەکان و ئەندامانی زاوزێ و ئەو شتانە دەگرێتەوە کە کەم نرخن وەك:(زێ) یان (گیان) بۆ کۆ ئەندامی زاوزێی مێینە و (زەکەر) بۆ کۆئەندامی زاوزێی نێرینە و......هتد ناونانی (پیسایکردن) بە (دەست بە ئاوگەیاندن) و ناونانی شوێنی پیسایکردن بە (ئەدەبخانە) یان (W.C).

ب- دەربڕینی جوان:

وەك ئەوەی لە بری وشەی (کوێر) وشەی (نابینا) یان لەبری وشەی (درۆ) وشەی (ناراست) بەکاربێنین.ئەمەش بۆ ڕێزگرتن ودڵ ڕاگرتنە و کار ناکاتە واتا بنچینەییە کە.

ج- ترسان لە چاوزار:

لە ترسی حەسوودی و چاو و زار هەندێ کەس بە(جنۆکە) دەڵێن: (لە ئێمە باشتر).و بەشتی باش دەڵێت خراپ و بە جوان دەڵێت ناشیرین و بە زیرەك دەڵێن تەمبەڵ.....هتد.

د- زیادەڕۆیی:

لە ئەنجامی هەڵچوونی زۆرەوە دێتە کایەوە کە یەکێك بە شتێك سەرسام دەبێت. بۆ نموونە بە کچێکی زۆر جوان بگوترێت (شازە) یان هەندێکجار دەگاتە ڕادەی کوفر وەك دەڵێن:

- خوا بۆ خۆی دروستیکردووه.

که مەبەستیان جوانییەکی رادەبەدەرە....هتد.

٥- هۆکاری مێژوویی:

ئەمەش لە ئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵگا و شت و تێڕوانین بۆیان دێتە ئاراوە، کە دەتوانین بەم شێوەیە جیایان بکەینەوە:



أ- گۆڕانی شت و مانەوەی وشەکە:

ئەو شتە دەگرێتەوە کە لە شێوە و قەبارە گۆڕاوە وەك ئۆتۆمۆبیل و خانوو،جل و بەرگ،....هتد.

ب- گۆڕانی هەڵوێستمان بەرامبەر شتێك:

هەرکات هەست و هەڵوێست و بۆچوونمان دەربارەی ئامارژە بۆکراو گۆڕا ئەوا گۆڕانکاری واتاشی بەدوایەوە دێت.بۆ نموونە عەرەق لەسەردەمی پێش ئیسلامدا هێمای شانازی و مێوانداری بوو، بەڵام دوای ئیسلام گۆڕا بۆ حەرام.

ج- گۆڕانی زانینمان دەربارەی شتێك:

زانیاری مرۆڤ لەگەڵ پێشکەوتن دەگۆڕێت بۆ نموونە پێشتر زانایان وایان دەزانی کە گەردیلە Atom بچووکترین کەرتە و ناتواندرێت دابەشبێت، بەڵام زانستی فیزیای نوێ دەری خست دانەی وردتر هەیە لە گەردیلە وەك: (ئەلەکترۆن و پرۆتۆن و

نیوترۆن) (سالم سلیمان خماش:١٤٢٨: ٧٢). هەروەها دەبینین پێناسەی وشە و رستە و واتا تاکو ئێستا چەندین گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

ئێمە زۆر لە وشە کۆنەکان بەکاردێنین لەسەدەمی ئێستادا هەروەك (ۆڵدرۆن woldron) ئامازەی بۆ دەکات زۆر لە داهێنانە نوێیەکان وشەی کۆنیان بۆ بەکاردێت (احمد مختار عمر:١٩٨٢:٢٢٨).دواتر بە درێژی باسی لێوەدەکەین.

٦- پێداویستی بۆ ناونان :

زمان هۆیەکی پەیوەندیکردنە کە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی هێما کار دەکات کە شت و بۆچوون دەنوێنێت (سالم سلیمان خماش:١٤٢٨: ٧٤) بۆ نموونە چەندین وشەی وەك: دادخواز،خێرخواز ،خزمەتگوزار،بەنداو،فڕگە ،فێرخواز،کەم ئەندام، خاوەن پێداویستی تایبەت،بەفکر،ساردکەرەوە... .هتد.لە ئەنجامی پێداویستی درووستبووە.

٧- زۆر بەکارهێنانی وشە :

زۆر وشە هەیە بەکار هێنانیان زۆرە لە بوارە جیاجیاکاندا ئەمەش وادەکات واتاکەی تەسك بێتەوە و تایبەتمەندبێت.وەك وشەی (چاندن) لە:

– چاندنی گورچیلە.
– چاندنی پرچ
– چاندنی ددان
– چاندنی گوڵ
– چاندنی مین (سالم سلیمان خماش:١٤٢٨: ٧٤).

٨- هۆكاری هۆشەكی:

بوونی پەیوەندی هۆشەكی لەنێوان شتێك و شتێكی تر هۆكارێكی ترە بۆ گۆڕانی واتا.كە خواستن و خوازەكان دەگرێتەوە كە لێكچوون هەیە لە شێوە یان ئەرك (سالم سلیمان خماش:١٤٢٨، ٧٢تا ٧٦) بۆ نموونە: (ددانی مشار) و (ددانی مرۆڤ) (چاوی مرۆڤ) و (چاوی سوپا)....هتد.هەندێكجاریش ئەم لێكچوونە بەدی ناكرێت، بەڵام پەیوەندیتر بەدیدەكرێت وەك ئەدگار و هۆ و شوێن و كات....هتد.بۆ نموونە:

– ئاگرێك لە پۆل دانیشتووە.

لێرەدا لە رێگای شوێنەكەیەوە دەزانین (ئاگر) قوتابیە نەك ئاگری ئاسایی، هۆی ناونانیشی بۆ ئاگر دەگەرێتەوە بۆ (زیرەك)ی قوتابیەكە یان (شەیتان) ی قوتابیەكە.

٤- شێوەكانی گۆڕانی واتا:

أ- فراوان بوونی واتا Widening of Meaning:

فراوانبوونی واتا دیاردەی گۆڕانە لە واتایەكی تایبەتەوە بۆ واتایەكی گشتی فراوان بوونی واتای ووشە لە زماندا وەك ئەو دیاردەیە كە منالێك بە كاریان دێنێ، كاتێك ئەیەوێت ناو لە شتێك بینێت فراوانی دەكاتەوە بۆ هەموو ئەو دیاردانەی كە جۆرە لێكچوونێك لە نێوانیان دا هەیە بۆ نموونە منداڵ ووشەی (بابە) بۆ هەموو كەسێ بە كاردێنێ كە لە باوكی بچێ دا (ابراهیم انیس:١٩٧٦ : ١٥٥) و وشەی (بەعە) بۆ هەموو ئاژەلێك....هتد.

مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەیدا هەوڵ دەدات ئەركی ئەندامانی ئاخاوتن كەم بكاتەوە.بە واتایەكی تر فراوانی واتای ووشە دیاریدەیەكی بەربلاو و سوودبەخشە لە هەموو زمانێكدا.بۆ نموونە وشەی (دەفتەر) واتاكەی لە دەفتەری پەڕاوەوە فراوانبووە و بۆ (١٠٠) وەرقەی دۆلارە بەهەمان شێوە وشەی(مێش) جگە لە واتا بنچینەییەكەی

واتای بۆیەکردنی پرچیش دەگریتەوە.هەروەها وشەی (نان) بەهەمان شێوە جگە لە کولێرە واتای خواردن و بژێوی ژیانیش دەگریتەوە (محمد معروف فتاح :١٩٩٠:١٠١)

ب- تەسکبوونەوەی واتا Narrowing of Meaning:

ئەم دیاردەیە کاتێ روودەدات کە مرۆڤ وشەیەك لە سنورێکی فراوان و بەربلاوەوە دەبات بۆشوێنێکی تر و بەم پێیەش تایبەتی پەیدادەکات.لە تەسك بوونەوەی واتادا وشە واز لە واتا گشتییەکەی خۆی دێنێ و تایبەتمەندی لە واتایەکی تەسکتر پەیدا دەکات لەوانەشە هەردوو واتاکەی بپارێزێت واتە واتا گشتییەکەی هەبێت و بە واتایەکی تەسکتر بەکاربێت (محمد معروف فتاح:١٩٩٠:١٢٢) تەسکبوونەوەی واتا تایبەتیکردن، دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کەچەند سیمایەکی واتایی زیاتر خراوەتەوە سەرسیمای شتێك (احمد مختار عمر:١٩٨٢:٢٣٧).کە دەبێتە دەولەمەندکردنی فەرهەنگ لە رووی زاراوە زانستییەکاندا (عبدالله عزیز محمد :١٩٩٠:٧٨).تەسکبوونەوەی واتا سنوورێکی بچووکی گۆڕانکاری واتا داگیر دەکات و گۆڕانکاری واتاش دەچێە سنووری ئیتیمۆلۆجییەوە،بەم شێوەیە:



بەم پێیە گۆڕانکاری لە زمان ڕوونادات هەتا بواری ئیتیمۆلۆجی وشە دروست نەبێت، بواری ئیتیمۆلۆجیش دروست نابێت هەتا گۆڕانکاری بەسەر زمان و واتادا نەیێت، تەسکبوونەوەی واتاش چەمکێکی گۆڕانکاری واتا دەگرێتەوە، واتە تا تەسکبوونەوە روو نەدات ئەوا گۆڕانکاری واتا بەرپا نابێت.لێرەدا پێویستە ئەو راستییەش بخرێتە روو کە هەموو گۆڕانکاری یەکانی زمان تەنیا لە روانگەی ئیتیمۆلۆجییەوە سەیر دەکرێن،چونکە ئەو ڕێبازە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی باری مێژوویی زمان.لە لایێکی ترەوە پێویستە ئەو راستییەش بخەینەروو کە گۆڕانکاری لە زماندا بەگشتی بەستراوەتەوە بە تێپەڕبوونی کات.واتە تا سەردەمی زیاتر بەسەر زماندا تێپەڕێت ئەوا رادەی گۆڕانکاری زیاتر دەبێت یا بەپێچەوانەوە، بەڵام ئەم بیرۆکەیە بەشێوەییێکی رەها نییە،چونکە وشە و مۆرفیمی وا هەیە کە سەردەمێکی یەکجار زۆریان بەسەردا تێپەڕیوە کەچی واتا و فۆرمەکەی هێشتا لە دەست نەداوە (فتاح مامە علی:٢٠٠٧:٦) وەك:وشەی (کارك) کە واتای (کەندوو، پێڵاوی چەرمین ، کارژۆڵە) هەبووە لە سەردەمێکدا، پاشان بە هۆکاری بەسەر چوونی سەردەم دووچاری تەسکبوونەوەی واتا هاتووە و لەو زمانە ستاندەرەی کوردی کە ئیمڕۆ هەمانە، تەنیا بە واتای (کارژۆڵە) بەکاردێت، بەڵام دوو واتاکەی تری (پێڵاوی چەرمین) و (کەندوو) یەکەمیان ئەمڕۆ لە زمانی کوردی لە کارکەوتووە و بەکارنایەت، هەرچی(کەندوو)ە دیسان لە زمانی ئاسایی ئیمڕۆی کوردی بەکارنایەت تەنیا لە چوارچێوەی پەند نەبێت (فتاح مامە علی:٢٠٠٧:١٠) یان وشەیەکی وەك: (شین) کە پێشتر بە رەنگە تۆخەکان وتراوە و جگە لەمەش ببووە کەلتوورێك کە بریتی بوو لەخۆدان پرچ ڕنانەوەی ئافرتان لە داخی لە دەستدانی کەسێکی ئازیز، بەڵام ئێستا تەنها بەواتای رەنگی(شین) ماوەتەوە.

ج- گواستنەوەی واتا Transference of Meaning:

(ڤندریس) لە بارەی گواستنەوەی واتاوە دەڵێت: گواستنەوەی واتا کاتێك روودەدات، کە هەردووواتاکە بەرامبەر و یەکسان بووەستن لەگەڵ یەك وهیچ جیاوازیەکی گشتی و تایبەتی نێوانیان دا نەبێت (عبدالقادر عبدالجليل :٢٠٠٦:٢٤٢) وەك:گواستنەوەی ووشە لە هۆکارەوە بۆ(هۆ) وەیا بە پێچەوانەوە.کە بە چەند شێوەیەك دەبێت لەمانەش:

ا- خواستن:

ئەم ووشانەی کە بەم رێبازە لەزمان دا هاتوونەتە ئاراوە بوون بە کەرەسەی لێکۆڵینەوە لای فەیلەسوف ودەروونناس وئەدەیب و زمانەوانان، چونکە هەریەکێك لەوجۆرە زانایانە بە پێ ی شارەزایی و بۆچوونی خۆی و کارکردنی لە مەیدانێکی تایبەتی لە زانست دا لێیکۆڵیوەتەوە (عبدالله عزيز محمد :١٩٩٠:٧٨).خواستن بریتییە لە هەڵبژاردنی هێمایەك بە پێی لێکچوونی واتایی لە شوێنی هێمایەکی تر لەسەر تەوەرەی ستوونی (عبدالسلام نجم الدين،٢٠٠٨:١٤٦) وشەی خواستراو دەبێ دوو تایبەتی تیابێ:

١- لەرووی شێوەوە و دیمەن و شوێن و کاتەوە لە یەك بچن.بۆ نموونە (ملی شووشە) لە شێوە لە (ملی مرۆڤ) دەچێت و (سەری مەنجەڵ) لە رووی شوێنەوە لە (سەری مرۆڤ) دەچێت و(کورتە چیرۆك) لە رووی کاتەوە واتاکەی خوازراوە (محمد معروف فتاح:١٩٨٦:١١٠).هەروەك بینیمان دەبینین وشەی پرتوقاڵ واتاکەی لە میوە وە گواستراوە بۆ کچێك لەسەر بنەمای لێکچوون لە شێوە واتە خری و رەنگ واتە رەنگی پروتوقاڵی.



٢- لە رووی ئەرکەوە لەیەک بچن وەک:دانی مشار،باڵی فرۆکە،دەسکی دەرگا،تایەی ئۆتۆمۆبێل.(حسن حامد صالح:٢٠٠٢:٨٢) ئۆڵمان جۆرێکی تر لە خواستن دەخاتەروو، کە لێکچوونە لە هەست و نەست (ستیفن ئۆلمان :١٩٨٦:١٦٨) وەک: سڵاوێکی گەرم،یا بەساردی سڵاوەکەی وەرگرتمەوە.. ...هتد.

ب- خوازە :

بە پێچەوانەی (خوازەیی) مەرج نیە لە ئەرك وشێوە لە یەك بچن،بەڵام مەرجە پەیوەندییان بە بەیەکەوە هەبێت.خوازە گواستنەوەی واتای وشەیەکە بۆ

وشەیەکی تر لەسەر تەوەرەی ئاسۆی (عبدالسلام نجم الدين :٢٠٠٨: ١٤٧) بۆ نموونە:دووشت کە یەکیان لەناو ئەوەی تریانەوە بێت زۆرجار بە ناوی شتەکەی یەکەمەوە دووهەم ناودەبرێت بۆ نموونە:(قوتابی) و(پۆل) (عبدالله عزيز محمد :١٩٩٠: ٧٧) کاتێ دەگوترێت:

- پۆلی چوارەم چوون بۆ دهۆك

واتە: قوتابیانی پۆلی چوارەم چوون بۆ دهۆك.

لە خوازەدا پێویستە لە نێوان واتای گوتراو و واتای مەبەستدا پەیوەندییەك هەبێت.لەوانەش:

١- پێوەندی گشت و بەش:

أ- هێنانی گشت بۆ بەش وەك:ئەمریکا(سیاسەتمەدارانی ئەمریکا) نیگەرانی خۆی دەربڕی.

ب- هێنانی بەش بۆ گشت وەك:برۆ سەرت(سەر،چاو،دەست،پێ،زك، ... هتد) بشۆ.

٢- پێوەندی ناو و ناوەڕۆك:

أ- هێنانی ناو بۆ ناوەڕۆك وەك:مەنجەڵەکە (ئەوەی لە مەنجەڵدایە) دەکولێ.

ب- هێنانی ناوەڕۆك بۆ ناو وەك:وریابە بۆنەکە (شوشەی بۆنەکە) نەشکێنی.

٣- پێوەندی پەیوەست و پەیوەستراو:

أ- هێنانی پەیوەست بۆ پەیوەستراو وەك: ئازادی گرك (تا) لێ بوو .

ب- هێنانی پەیوەستراو بۆ پەیوەست وەك:شەربەتەکە (تامی شەربەتەکە) زۆر خۆشە .

٤- پێوەندی ناو و ئاوەڵناو وەك: برۆ قەڵەوەکە بێنە .

٥- پێوەندی دیارخەر و دیارخراو وەك:پەنجەرەکەت شکاوە(پەنجەرەی ژوورەکەت) شکاوە .

٦- پێوەندی هاوسێیەتی وەك:من سبەی دەچمە تاران (ئێران) .

٧- پێوەندی هاودژی وەك: کوڕی باش (خراپ) بۆ درۆ دەکەی .

٨- پێوەندی گشتی و تایبەتی:

أ- هێنانی گشتی بۆ تایبەتی وەك: ئەوە مەم و زین (دوو ئەویندار) هاتن .

ب- هێنانی تایبەتی بۆ گشتی وەك:عێراق (عەلی کیمیاوی) هەڵەبجەی کیمیا باران کرد .

٩- پێوەنـدی رەگـەزی:وەك: دەبـرۆ زێرەکانـت (بازنە،ملوانکـە،...هتـد) بێنە .(عبدالسلام نجم الدین: ٢٠٠٨:١٤٩)،خوازە سێ جۆرە:

١- خوازەی زیندوو Living:

ئەم جۆرەیە کە گوێگر پێی سەرسام دەبێت لە کاتی بیستنی.

٢- خوازەی مردوو Dead:

ئەم جۆرە خوازەیە لەبەر زۆر بەکار هێنانی واتـا خوازراوەکـەی ونکـردووە و بۆتـە دروست.

٣- خوازەی خەوتوو Sleeping:

لە نێوان هەردوو جۆرەکەی سەرەوە دایە (احمد مختار عمر:١٩٨٢:٢٤٢).

گواستنەوەی واتا بە سێ شێوە دێتە کایەوە:

١- بەرزبوونەوەی واتا Meliorative Change:

بەرزبوونەوەی واتا ئەو بارە دەگرێتەوە کە بەسەر ووشەیەکدا دێت و لە بنەرەتدا واتا و بـارەودۆخێکی خراپـی گەیانـدبێت و ئێـستاش وازی لـەو واتایـەی هێنـاوە و واتایەکی باشتر و بەرزتری وەرگرتووە (عبدالقادر عبدالجليل :٢٠٠٦:٢٤٢) بۆنموونـە وشـەی (شۆخ) کە ئێستا بە واتای (جوان) دێت لە قۆناغێکی پێشتردا بە واتای (بێ حەیا) بەکارهاتووە (محمد معروف فتاح :١٩٩٠:١٢٤).

٢- نزم بوونەوەی واتا Pejorative Change:

پێچەوانەی بەرزبونەوەی واتایە و کاتێ روودەدات کە ووشە یەك واز لە واتایەکی بەرز و باش یان بێ لایەن بێنێ بە تێپەر بوونی کات و واتایەك وەرگرێ کە سووکی و ریسوایی بگەیەنێ (عبدالقادر عبدالجلیل ٢٠٠٦: ٢٤٤) بۆنموونە :ووشەی (بۆر) کە لە ووشەی (بۆرە پیاو) یان (بۆرە سوار) دا دەبینرێ لە بنەرەت دا واتایەکی بێ لایەنی هەبووە نە باش نە خراپ، بەلاّم ئێستا ئەم ووشەیە لە زمانی کوردی دا بە مرۆڤێکی بێ بە ها و بێ پارە دەوترێ (محمد معروف فتاح :١٩٩٠: ١٢٤).هەروەها وشەی (تۆز و با) دوای راپەرین لە واتایەکی نزمی وەرگرت،چونکە بۆ کەلوپەلی دزیاری و تالاّن بەکار دەهات. هەروەها وشەی (ئۆمەر) ناوێکی تایبەتی بێلایەن بوو ئێستا گۆڕاوە بۆ سیفەتێکی خراپ کە بە پیاوی ترسنۆك و ژنانی دەوترێت.

٣- تابۆبوون Tabooed:

ئەم گۆڕانە پەیوەندی بە باری دەروونی و بیروباوەرەوە هەیە هەندێ جاریش بە باش دەربڕین ناودەبرێت (عبدالقادر عبدالجلیل :٢٠٠٦: ٢٤٦) .ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە مرۆڤ لە کۆنەوە سڵییان لە ناوبردنی راستەقینەی هەندێ هەندێ رووداو و و گیانلەبەر و نەخۆشی کردۆتەوە،جا بۆ رێزگرتن و خۆ بە دوورگرتن لە رق وکینە و تۆڵە ناوەکانیان گۆڕیوە وەك: ناونانی (سورێژە) بە (موبارەکە) و یان بۆ (مردن) چەندین دەربرینی وەك:(ئەمری خوای بە جێهێنا،کۆچی دوایکرد،دەستی لە دونیا شوشت...هتد بەکاردێت (عبدالله عزیز محمد :١٩٩٠: ٦٩، ٧٠).

سەرچاوەکان

سەرچاوەکان:

١- بەکوردی:

١- ئـارا علـی ئەحمـەد (٢٠٠٨) کـۆتێن واتایـا شـێوازی بـۆ هـەڤ واتایـا تەواو،گۆڤەرا بەهدینان،چاپا ئێکێ،چاپخانا خانی،دهۆك.

٢- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٥) وشەی زمانی کوردی،بەغدا.

٣- ئیـبراهیم عزیـز ئیـبراهیم (١٩٨٣) رێنووس،زانـستگای سـەلاحەدین،کۆلیجی ئەدەبیات،هەولێر.

٤- تافگە عمر حمە صالح (٢٠٠٩) زمان وەك داهێنانێکی تاکە کەسی لای مەحوی شاعیر،نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەددین،کۆلیژی زمان ،هەولێر.

٥- جـەمال نەبـەز (٢٠٠٨) وشـە نامەیـەکی ئیتمۆلۆژیـای زمـانی کـوردی، چـاپی یەکەم.

٦- رەفیق محمد شوانی (٢٠٠٨) زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، چ/١،دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی،هەولێر.

٧- ساکار ئەنوەر حەمید (٢٠٠٩) وشە خواستن لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین،کۆلیژی زمان ،هەولێر.

٨- عبدالسلام نجم الدین (٢٠٠٨) شیکردنەوەی دەقی شیعری لە رووی زمانـەوانی یەوە،چ/١خانەی سپیریز،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٩- عبدالله عزیز محمد بابان (١٩٩٠) گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٠- عبدالواحـد مـشیر دزەیـی (١٩٩٧) دژواتـا و چـەند سـەرنجێکی واتاسـازی، رۆژنامەی هەرێم،ژمارە (٤٤).٣- ٢-١٩٩٧.هەولێر.

١١- عبدالواحد مشیر دزەیی (١٩٩٩) هاوواتا لە نێوان بـوون و نەبوونـدا، گۆڤـاری مەتین،ژمارە (٨٨).دهۆك.

١٢- عبدالواحد مشیر دزەیی (٢٠٠٣) خواستنی فۆنیم لە زمانی کوردیدا، باسێکی بڵاونەکراوە.

١٣- عبدالواحد مشیر دزەیی (٢٠٠٤) واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا ،نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٤- عبدالواحد مشیر دزەیی (٢٠٠٧) لادانی واتایی لە زمانی شیعردا، گۆڤاری اللغات،ژمارە ١٣، کۆلیژی زمان،زانکۆی بەغدا.

١٥- عبدالواحد مشیر دزەیی و ابراهیم عزیز ابراهیم (٢٠٠٦) بەرکار وەك پێویستییەکی سەرەکی رستە،گۆڤاری الأستاذ،ژمارە ٦٠ زانکۆی بەغدا، کۆلیژی پەروەردەی ابن رشد.

١٦- عبدالوهاب خالد موسی (٢٠٠٩) چەند بابەت لێکۆلینێن زمانی،ژ وەشانێن ئیکەتیا نڤیسەرێن کورد،چاپخانا هاوار،دهۆك.

١٧- عەبدولواحید موشیر مەحمود (٢٠١٠) واتاسازی وشە و رستە،چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر.

١٨- فتاح مامە علی (٢٠٠٧) لەبارەی زمانەوانییەوە،کتێبێکی بڵاونەکراوە، کۆلیژی پەروەردەی بنیات،زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٩- کۆرش سەفەوی (٢٠٠٦) چەند لایەنێکی واتاسازی، وەرگێڕانی، دلێر صادق کانبی،چ/١.دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی .هەولێر.

٢٠- کامل حسن بصیر (١٩٧٩) زاراوەی کوردی،لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، بڵاوکراوەکانی زانکۆی سلێمانی.

٢١- محەمەد مەحوی (٢٠٠٩) زانستی هێما هێما،واتا و واتا لێکدانەوە. بەرگی یەکەم،زانکۆی سلێمانی.

٢٢- محەمـەد مـەحوی (٢٠٠٩) زانـستی هێمـا هێما،واتـا و واتـا لێكدانـەوە، بەرگی دووەم،زانكۆی سلێمانی.

٢٣- محەمـەد مـەعروف فـەتاح (١٩٨٩) كـار پـۆلین كـردن بـەبێ ڕۆنان،گۆڤـاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١٢١.

٢٤- محەمـەد مـەعروف فـەتاح (١٩٨٩) وشـەی لێكـدراوی بەسـتراو لـە كـوردی دا،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١٢١.

٢٥- محەمـەد مـەعروف فـەتاح (٢٠١٠) لێكۆڵینـەوە زمانەوانییـەكان،دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی،چاپخانەی ڕۆژهەڵات.هەولێر.

٢٦- محەممـەد معـروف فتـاح و صـباح رشـيد قـادر (٢٠٠٦) چـەند لایـەنێكی مۆرفۆلۆژی كوردی،هەولێر، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین.

٢٧- محەممـەد معـروف فـەتاح (١٩٨٦) دیـسان ئیدیەم،پێداچـونەوەی لەبـەر ڕۆشنایی زمانەوانیدا.گ.كۆڕی زانیاری عێراق،دەستەی كورد، بەرگی(١٥) بەغدا.

٢٨- محەممەد معروف فەتاح (١٩٩٠) زمانەوانی، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٢٩- نەسـرین فـەخری (١٩٨٤) پەرەسـەندنی مێـژوویی واتـای وشـە و دەوری لـە دەوڵەمەنـدكردنی زماندا،لێكـسیكۆلۆجیا،گۆڤاری ڕۆشـنبیری نوێ،ژمـارە (١٠١) دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی،بەغدا.

٣٠- نەسرین فەخری (١٩٨٤) لێكسیكۆلۆجیا،پەرەسەندنی مێژوویی واتای وشە و دەوری لە دەوڵەمەندكردنی زماندا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە (١٠٢) دەزگـای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی،بەغدا.

٣١- نەسـرین فـەخری (١٩٨٥) پەرەسـەندنی مێـژوویی واتـای وشـە و دەوری لـە دەوڵەمەنـدكردنی زماندا،لێكـسیكۆلۆجیا، گۆڤـاری ڕۆشـنبیری نوێ،ژمـارە (١٠٧) دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی،بەغدا.

٣٢- نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی(١٩٨٢) ڕێزمانی کوردی،بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر.

٣٣- هـ.د.ویدووسن (٢٠٠٨) سەرەتایەك بۆ زمانەوانی،و.د.هۆشەنگ فاروق، چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی دهۆك.

ب- بەعەرەبی:

١- إبراهيم أنيس (١٩٧٦) دلالة الألفاظ مكتبة الأنجلو المصرية. القاهرةط/٣

٢- أحمدمختار عمر (١٩٨٢) علم الدلالة،مكتبة دار العروبة للطبع والنشر، الطبعة الأولى،الكويت.

٣- اف.ار.بالمر (١٩٨١) علم الدلالة،ت.مجيدماشطة،مطبعة العمال المركزية (١٩٨٥)،بغداد.

٤- جان كوهن (١٩٨٦) بنية اللغة الشعرية ت.محمد الوالي ومحمد العمري، دار البيضاء،المغرب.

٥- جوررج فندريس (١٩٥٠) اللغة، ت، عبدالحميد الدواخلي، محمد القصاص، كتبة انجلو المصرية، القاهرة.

٦- جون لاينز (١٩٦٨) علم الدلالة،ت،مجيد الحليم الماشطة،حليم حسين فالح، كاظم حسين باقر،بصرة.

٧- حسين حامد صالح (٢٠٠٣) التطور الدلالى فى اللغة العربية فى ضوء علم اللغة الحديث،مجلة الدراسات الاجتماعية ،العدد١٥ يناير، يونيو،كلية التربية ،جامعة صنعاء اليمن.

٨- رمضان عبدالتواب (١٩٨٢) مدخل الى علم اللغة و مناهج البحث اللغوى، ط/١، القاهرة.

٩- سالم سليمان الخماش (١٤٢٨) المعجم و علم الدلالة،جامعة ملك عبدالعزيز بجدة ،كلية الاداب و العلوم الانسانية، قسم اللغة العربية، الجدة.

١٠- ستيفن اولمان (١٩٨٦) دور الكلمة في اللغة،ت،كمال محمد بشير،مكتبة شباب. بغداد.

١١- عبدالحميد حسن (١٩٧١) الالفاظ اللغوية خصائصها و انواعها.

١٢- عبدالقادرعبـدالجليل (٢٠٠٦) المعجـم الـوظيفى لمقـاييس الأدوات النحويـة والصرفية ،ط/١دار الصفاء للنشر و التوزيع،عمان.

١٣- عزمـى اسـلام (١٩٨٥) مفهـوم المعنـى دراسـة تحليليـة،حوليات كليـة الآداب ،الحولية السادسة،جامعة الكويت.

١٤- كلودجرمان و ريمون روبلان (١٩٩٤) ت،نورالهدى لوشن،دار الفاضل، دمشق.

١٥- محمـد علـي الخـولي (١٩٩١) معجـم علـم اللغـة النظـري، (انكليـزي-عربـي)، بيروت،لبنان.

١٦- ميشال زكريا (١٩٨٠) الالسنية علم اللغة الحديث،المبادئ والاعلام، بيروت.

١٧- نورالهدى لوشن (١٩٩٥) علم الدلالة،دراسة وتطبيقاً،ط/١، بنغازي، ليبيا.

١٨- وفاء محمد كامل (١٩٩٧) البنيوية في اللسانيات،مجلة عـالم الفكر،مجلد (٢٦) العدد (٢٢)،كويت.

٣- بەئینگلیزی:

1.JEAN AITICHISON(1993)" Linguistics" Great Britain، Hodder dstonghton

2.SEBASTION LOBNEN(2002) Understanding Semantics ,London,Amold.

3.CRYSTAL,D.(1991) A Dictionary of Linguistics and Ponnetics،Cambredge

٤- ئینتەرنیت:

- زمان یەکێ لەگرنگترین ئامێرەکانی پەیوەندی نێوان نەتەوە و نەتەوەکانی تری دنیایە http://zmanikurdi.kurdblogger.com/32746/